دەزگای نوچە

بۆ توێژینەوەی سیاسی، پەرەپێدانی کلتوری

## پشکدارییە کوردییەکانی هزری مێژوویی

# "عەبدوڵا جەودەت" و چەمکی "مێژووی داهاتوو"

بەرهەمی توێژینەوەی دەزگای نوچە © ٢٠٢٥

w w w . n u c h e . n e t

دەزگای نوچە
بۆ توێژینەوەی سیاسی، پەرەپێدانی کلتوری

زنجیرە - ٢ -

## پشکدارییە کوردییەکانی هزری مێژوویی

# "عەبدوڵا جەودەت" و چەمکی "مێژووی داهاتوو"


**پ. ی. د. کامەران محەمەد**
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی- بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کلتوورییەکان



بەرهەمی توێژینەوەی دەزگای نوچە © ٢٠٢٠



w w w . n u c h e . n e t

دەزگای نوچە

بۆ توێژینەوەی سیاسی، پەرەپێدانی کلتوری

بۆ هێمای خێرا

وێنەگرتنەوە یان کرتە

ئەنجام بدە

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ دەزگای نوچە © ٢٠٢٥

www.nuche.net

**دەزگای نوچە** بۆ توێژینەوەی سیاسی، پەرەپێدانی کولتووری

گەڕەکی ئازادی، **هەولێر - هەرێمی کوردستان**

**هێڵەکانی پەیوەندی:**

+964 770 120 98 00

Email:nuchanet2@gmail.com

www.nuche.net

## پشکدارییه کوردییەکانی هزری مێژوویی

# "عەبدوڵا جەودەت" و چەمکی "مێژووی داهاتوو"

● **پ. ی. د. کامەران محەمەد**
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی- بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کلتوورییەکان

### پوختە

عەبدوڵڵا جەودەت (١٨٦٩-١٩٣٢) یەکێک بوو لە دیارترین بیرمەندانی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم، بە داهێنانی چەمکی (مێژووی داهاتوو) لە ساڵی ١٩١٣دا، هزری مێژوویی داڕشتەوە، کە چەمکێکی تازە بوو و دەیان ساڵ پێش بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لە خۆرئاوادا بوو. دواتر زاراوەی (مێژووی داهاتوو) لە چلەکاندا کە بەکارهێنرا.

بە لێکۆڵینەوەی کەلتووریی و ئەدەبیاتی ئەندێشەییەوە پەیوەست بوو، لەکاتێکدا جەودەت پێشتر دیدێکی جیاوازتری پێشکەش کردبوو، ئەو چەمکەکەی وەک ئامرازێکی شیکاری بۆ تێگەیشتنی ڕابردوو داڕشتبوو، نەک تەنها بۆ بە بەڵگەنامەکردنی ئەو ڕابردووە، بەڵکو بۆ بەکارهێنانی لە پێکهێنانی ئێستا و ویناکردنی ڕەوتی ستراتیژی داهاتووی کۆمەڵگاکان.

عەبدوڵڵا جەودەت، مێژووی تەنها وەک تۆمارێکی ڕووداوەکانی ڕابردوو نەدەبینی، بەڵکو وەک هێزێکی دینامیکی لێیدەڕوانی کە دەتوانرێت بۆ پێکهێنانی دامەزراوە و شوناسە نیشتمانییەکان بەکاربهێنرێت.

عەبدوڵڵا جەودەت، مێژووی تەنها وەک تۆمارێکی ڕووداوەکانی ڕابردوو نەدەبینی، بەڵکو وەک هێزێکی دینامیکی لێیدەڕوانی کە دەتوانرێت بۆ پێکهێنانی دامەزراوە و شوناسە نیشتمانییەکان بەکاربهێنرێت.

جەودەت، لە هزری خۆیدا جەختی لەسەر ڕۆڵی مێژوو لە دامەزراندن و بونیادنانی گەلاندا چڕکردەوە،

بەتایبەتـی گەلـی کـورد، بـۆ ئـەوەی لەسـەر بنەمـای تێگەیشـتنێکی هۆشـیارانە لـە ڕابردوویـان، داهاتـووی خۆیـان بونیادبنێـن. جـەودەت، داوای لـە سـەرکردە و ڕۆشـنبیرانی کـورد کـرد، کـە مێـژووی داهاتـوو وەک ئامرازێـک بـۆ ئیلهامبەخشـین بـە دیدێکـی پێشـکەوتنخوازانە و یەکگرتـوو کـە یارمەتیـدەر بێـت بـۆ تێپەڕاندنی ئـەو ئاڵنگارییانـەی ڕووبـەڕووی نەتـەوەی کـورد دەبێتـەوە.

لـە سـایەی گۆڕانکارییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی سـەردەمی خۆیدا بەکاربهێنـن. بـە پێچەوانـەی ئـەو ڕێبـازە ئەندێشـەییەی کـە دواتـر لـە ئـەدەب و سینەمادا بەکارهـات، چەمکی (مێـژووی داهاتـوو)ی جـەودەت، لەسـەر بنەمـای واقیعـی و شـیکاری میتۆدیـی بـوو. جـەودەت، پێیوابـوو کـە لێکۆڵینـەوە لـە شـێوازە مێژووییـەکان و تێگەیـشتن لـە کاریگەرییەکانیـان دەتوانێـت بـۆ ڕێنماییکردنـی ڕێگاکانـی گەشەسـەندنی داهاتـووی گـەلان یارمەتیـدەر بێت.عەبـدوڵلا جـەودەت، لـە نووسـینەکانیدا مێـژووی داهاتـووی وەک میتۆدێـکی هزریـی و سیسـتەمێکی ستراتیـژی خسـتووەتەڕوو، ئامانجـی ئەوەبـوو تـاک و کۆمەڵـگا لـە ڕێگـەی دیدێکـی ڕۆشـنگەر و نوێیـــوەوە بتوانــن پێشــکەوتن مســۆگەربکەن .

لە نووسینەکانیدا مێژووی داهاتووی وەک میتۆدێکی هزریی و سیستەمێکی ستراتیژی خستووەتەڕوو.

سـەرەڕای ئـەم پشـکدارییە ناوازانـە، ڕۆڵـی جـەودەت لـە پەرەپێدانـی چەمکـی مێـژووی داهاتـوودا تـا ئەندازەیەکـی زۆر بەبـێ دانپێدانـان ماوەتـەوە، چ لە مێـژووی هـزری کـوردی و چ لە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتیـدا. بیرۆکەکـە بـۆ بیرمەندانێکـی خۆرئاوایـی وەک "ڕۆبـەرت ئـەی، هاینلایـن، ئێـچ جـی وێڵـز" دەگەڕێنرێتـەوە، کـە لـە سـاڵانی سـی و چلەکانی سـەدەی بیسـتەمدا ئـەم چەمکەیان لـە ئەدەبیاتی ئەندێشـەیی و ئەندێشـەی زانسـتییدا بەکارهێنـا. بـەڵام نووسـینەکانی جـەودەت، بەڕوونـی ئـەوە دەردەخـات، کـە ئـەو لـە پێناسـەکردن و بەکارهێنانـی ئـەم زاراوەیـە لـە چوارچێـوە میتۆدۆلـۆژی و هزرییەکەیـدا پێـش ئـەوان بـووە، دیـارە ئـەوەش بـە ئاڕاسـتەی خزمـەت کردنـی میللەتـی کـورد و بەهێزکردنـی تواناکانـی لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئاڵنگارییەکانـی داهاتـوودا بـووە.

ئـەم توێژینەوەیـە تیشـک دەخاتـە سـەر گرنگـی هەڵسـەنگاندنەوەی پشـکدارییەکانی عەبـدوڵلا جـەودەت و دانـان بـە ڕۆڵـی پێشـەنگانەی لـە داڕشـتنی چەمکـی مێـژووی داهاتـوودا. جگـە لـە دەوڵەمەندکردنـی کایـەی مێـژوو بـەم دیـدە داهاتووییـە، دانـان بـە میراتـی جـەودەت دەرفەتێکـە بـۆ فراوانکردنـی گێڕانـەوەی هزریـی جیهانـی، ئەویـش لەمیانـەی تێکەڵکردنـی دەنگـە نا خۆرئاواییـەکان لـە بـواری پەرەسـەندنی هـزری مێژووییـدا. هـاوکات بیرۆکەکانـی ئـەم بیرمەنـدە کـوردە چوارچێوەیەکـی ئیپیسـتمۆلۆژی پێشـکەش دەکـەن، کـە دەتوانرێـت بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە مێـژوو وەک هێزێکـی بزوێنـەر و ئاڕاسـتەکەر بـۆ بونیادنانـی داهاتوویەکـی باشـتر بەکاربهێنرێـت.

**کلیلـی وشـەکان: مێـژووی داهاتـوو، عەبـدوڵلا جـەودەت، گوتـار، هـزری مێژوویی کوردیی، شوناسـی نەتەوەیـی.**

## پێشەکی

بە شێوەیەکی نەریتی مێژوو بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداو و بزووتنەوە و کەسایەتیەکانی ڕابردوو پێناسە دەکرێت و زۆرجاریش بەهەموو ئەوانە دەوترێت کە لە ڕابردوودا ماونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڕاستەیەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە، کە داهاتوو دەخاتە ناو لێکۆڵینەوە مێژووییەکانەوە و بە (مێژووی داهاتوو) ناسراوە. ئەم بوارە نەک هەر شێوە مێژووییەکان شیدەکاتەوە، بەڵکو کاریگەرییەکانی ئەم شێوانە لەسەر دارشتنی جیهانی داهاتوو ئاشکرا دەکات.

عەبدوڵا جەودەت، (١٨٦٩- ١٩٣٢) بیرمەندی گەورەی کورد، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بابەتیی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گەلی کورد و دواکەوتوویی دواوە. یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە سەرنجی عەبدوڵڵا جەودەتی ڕاکێشاوە و بەڕاشکاوی و بوێرانە تێروانینی خۆی لەسەر دەربڕیوە، بریتییە لە پرسی (چییەتی مێژوو). ئەو باسی لە گرنگی مێژوو و ڕۆڵی مێژوو لە بونیادنانی قەوارەکاندا کردووە.

بەڵام ئەوەی ئەو جەختی لەسەر دەکاتەوە و سەرنجی (خوێندەوارانی کورد) ی بۆ ڕادەکێشێت، (مێژووی داهاتوو)ە! ئەمڕۆ زاراوەی (مێژووی داهاتوو) لە بواری هزری مێژووییدا چەندەها توێژینەوەی زانستی لەسەر نووسراوە و تەنانەت وەک کایەیەکی مەعریفی نوێ لەناو بابەتی مێژووناسیدا لێی دەڕوانرێت.

> بیرمەندی گەورەی کورد عەبدوڵڵا جەودەت، یەکەم کەس بووە، کە زاراوەی (مێژووی داهاتوو)ی لە ساڵی ١٩١٣ داهێنا و بەکاری هێنا

هەرچەندە بەگشتی ئەمڕۆ بەشێک لە مێژوونوسان داهێنانی ئەو چەمکە بۆ نووسەرانی خۆرئاوای سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمی وەک ڕۆبەرت ئەی. هاینلاین و ئێچ جی وێلز،...تاد بواری ئەدەب و ئەندێشەی زانستی دەگێڕنەوە. بەڵام بەڵگە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە بیرمەندی گەورەی کورد عەبدوڵڵا جەودەت، یەکەم کەس بووە، کە زاراوەی (مێژووی داهاتوو)ی لە ساڵی ١٩١٣ داهێنا و بەکاری هێنا، واتە چەند دەیەیەک پێش بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لە خۆرئاوادا.

ئەم دۆزینەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، نەک تەنها لە هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی ئەو لە مێژووی هزری کوردییدا، بەڵکو لە دیاریکردنی شوێنی خۆی لەناو میراتی هزری جیهانییدا. بیرکردنەوەی عەبدوڵڵا جەودەت سەبارەت بە (مێژووی داهاتوو) گوزارشت لە دیدی ئەو بۆ ڕۆڵی مێژوو وەک هێزێکی دینامیکی دەکات، کە توانای ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگاکانی بەرەو داهاتوویەکی باشتر هەیە، بەتایبەتی لە دووتوێی شوناسی کوردیی و خەبات لەپێناو پێشکەوتندا.

ئاشکرایە عەبدوڵڵا جەودەت بە یەکێک لە دیارترین بیرمەندانی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم دادەنرێت، بەو پێیەی هزرەکانی بۆ زۆر بواری وەک فەلسەفە، سیاسەت، زانست درێژبووەوە. ئەو

گرنگییەکی گەورەی بە مێژوو داوە، بەو پێیەی بە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و ئاڕاسیەکردنی داهاتووی دەزانی. لەو زەمینەیەدا جەودەت نەک هەر پێشەنگێک نەبووە لە پەیبردن بە گرنگی مێژوو وەک ڕووداوەکانی ڕابردوو، بەڵکو زیاتریش لەوە ڕۆیشتووە، ئەویش بە ناساندنی چەمکی (مێژووی داهاتوو).

جەودەت پێیوایە مێژوو تەنها تۆماری ڕابردوو نییە، بەڵکو زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوە، کە ڕابردوو بە ئێستا و داهاتووەوە دەبەستێتەوە. لە کورتە وتارەکەیدا لەژێرناونیشانی (گوتار)، دەستەواژەی (مێژووی داهاتوو)ی وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی داڕشتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان بەکارهێناوە، ئەویش لە ڕێگەی پشتبەستن بە پەیبردن بە سروشت و ڕەوتەکانی بزووتنەوەی مێژووەوە. سەبارەت بە جەودەت تێگەیشتن لە ڕابردوو یارمەتی مرۆڤەکان دەدات، کە پێشبینی داهاتوویان بکەن و پلانی ڕوون بۆ پێشکەوتن دابنێن. ئەم بیرۆکانە ئەو دیدە پێشکەوتووە دەنوێنن، کە تیشک دەخاتە سەر گرنگی مێژوو نەک تەنها وەک سەرچاوەیەکی کەلتووریی، بەڵکو وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ داڕشتنی ئادگارەکانی داهاتوو.

دیارە لێکۆڵینەوە لە (مێژووی داهاتوو) بوارێکی زیندووی مێژووی هاوچەرخە، ڕێگە بۆ توێژەران خۆش دەکات، کە کاریگەرییەکانی ڕەوتە مێژووییەکان لەسەر بڕیار و سیاسەتەکانی داهاتوو ئاشکرا بکەن. بەڵام ڕۆڵی جەودەت، لە داهێنان و بەکارهێنانی ئەم چەمکە تا ئێستا پەراوێزخراوە و بە شێوەیەکی تەواو دانپێدا نەنراوە. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی قووڵ لەسەر هزرەکانی بکرێت، بۆ ئەوەی پشکدارییەکانی لە هزری مێژوویيدا بنرخێنرێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات (گوتار)ەکەی (جەودەت) لەسەر مێژوو شیبکاتەوە، دواتر بەوردی تیشک دەخاتە سەر پێشینەیی ئەو لە بەکارهێنانی زاراوەی (مێژووی داهاتوو) و چۆنێتی بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی دینامیکیە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە دوو باسی سەرەکی و چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا بە وردیی لەو بەکارهێنانە خۆرئاواییانە ڕاماوین، کە تا ئێستا داهێنان و بەکارهێنانی زاراوەی (مێژووی داهاتوو)یان بۆ دەگێڕدرێتەوە. بەڵام لەباسی دووەمدا وردتر هەڵوێستەمان لەسەر (عەبدوڵڵا جەودەت و بەکارهێنانی زاراوەی مێژووی داهاتوو)، کردووە و بەشێوەیەکی زانستی حاشاهەڵنەگر ئەوەمان سەلماندووە، کە چۆن ئەو یەکەم کەس بووە، کە ئەو زاراوەیەی بەکارهێناوە.

ئەم توێژینەوەیە بۆ ساغکردنەوەی چەمکی (مێژووی داهاتوو)، گەڕاوەتەوە بۆ بنەڕەتیترین سەرچاوەکان، واتە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە دەگوترێت بۆ یەکەمجار ئەو زاراوەیان بەکارهێناوە، دیارتر کورتە وتارەکەی (عەبدوڵا جەودەت)، لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی ١٩١٣، دواتر هـ. گ. وێڵز H. G. Wells لە کتێبەکەی (شێوەی شتەکانی داهاتوو) دا و ڕۆبێرت ئەی. هاینلاین لە ساڵی ١٩٤١ کاتێک (هێڵکاری مێژووی داهاتوو)ی لە گۆڤاری Astounding Science Fiction بڵاوکردەوە، واتە هەوڵی ساغکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو زاراوەیەی لە سەرچاوە یەکەمینەکانەوە داوە.

ئـەو میتـۆدەی لـەم توێژینەوەیـەدا بەکارهاتـووە، میتـۆدی شـیکاریی بەراوردکارییـە، واتـە بـەوردی هەسـتاوین بـە شـیکردنەوەی دەق و سـەرچاوەکان و دواتـر بەراوردکردنیـان و هەڵێنجانـی ڕاسـتییەکان.

لێـرەوە ئـەم توێژینەوەیـە بانگەوازێکـە بـۆ سـەرلەنوێ تەماشـاکردنەوەی میراتـی هزریـی جـەودەت و تیشـک خسـتنە سـەر کاریگەرییەکانـی لەسـەر بوارێکـی فـراوانتری هـزری مێژوویـی دەخاتـە ڕوو.

ئـەم توێژینەوەیـە لە میانەی تیشـک خسـتنە سـەر چەمکی (مێژووی داهاتـوو)، دەتوانێت لـە دەوڵەمەندکردنی گفتوگـۆ هاوچەرخـەکان بەشـداری بـکات، ئەویـش سـەبارەت بـەوەی کـە چـۆن دەتوانرێـت مێـژوو وەک ئامرازێـک بـۆ تێگەیـشتن و داڕشـتنی جیهـان بەکاربهێنرێـت، هەروەهـا پێشکەشـکردنی مۆدێلێکـی هزریـی نـوێ، کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی پێشـکەوتنی مرۆڤایەتـی ڕابـردوو و ئێسـتا و داهاتـوو تێکـەڵ دەکات.

## باسی یەکەم: مێژووی چەمکی (مێژووی داهاتوو)

(مێـژووی داهاتـوو) سـەرەڕای ئـەوەی بـۆ (یەکەمجـار) وەک زاراوەیەکـی نێـو کایـەی زانینـی مێژوویـی (عەبـدوڵلا جـەودەت) لـە سـاڵی (١٩١٣) لـە گۆڤـاری (ڕۆژی کـورد) بـەکاری هێنـا ، بـەڵام ڕیشـەکانی ئـەم چەمکـە بـە تێپەڕبوونـی کات پـەرەی سـەندووە و بووەتـە ئامرازێکـی فەلسـەفی و زانسـتیی، لەسـەر بنەمـای تێگەیـشتن لـە پرۆسـە مێژووییـە هەنووکەییـەکان ئامانجـی پێشـبینیکردنی ئاڕاسـتەکانی داهاتـووی مرۆڤایەتییـە. ئـەم چەمکـە لـە قۆنـاغ گەلێکـی جیـاوازدا پـەرەی سـەندووە.

بیرکردنـەوە دەربـارەی (کات) و (داهاتـوو) بـە ئاشـکرا لەگـەڵ فەیلەسـوفە یۆنانییـە کۆنەکانـدا زەق بـووەوە، هێراکلیتـۆس سـەرنجی لەسـەر گۆڕانی بەردەوامی گـەردوون بوو ، ئەفلاتونیش گفتوگۆی دەربارەی خولەکانی کات دەکـرد . ئـەم بیرۆکانـە ڕوانگەیەکـی قووڵیـان بـۆ پەیوەنـدی نێـوان ڕابردوو و ئێسـتا و داهاتـوو دامەزراند. دواتـر گرنگیـدان بـە (دینامیکـی مێـژوو)، لەگـەڵ پەرەسـەندنی بیـری فەلسـەفی مۆدێـرن دەسـتی پێکـرد.

(سـانت سـیمۆن) و (ئۆگسـت کۆنـت) لـەو بیرمەندانـە یەکەمییانـە بـوون، بـە بەکارهێنانـی یاسـا زانسـتییەکان بـۆ تێگەیـشتن لـە پەرەسـەندنی بزووتنـەوەی مێـژوو، هەوڵیـان دا پێشـبینی داهاتـوو بکـەن . پاشـان دەرکەوتنـی مێژووگەرایـی وەک بیرۆکەیـەک جەختـی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە، کـە مێـژوو پەیـڕەو لـە یاسـا گەلێکـی دیارکـراو دەکات، ئـەوەش یارمەتیـدەر بـوو بـۆ پەرەپێدانـی چەمکـی (مێـژووی داهاتـوو) وەک چوارچێوەیەکـی زانسـتی بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە پێشـهاتە چاوەڕوانکـراوەکان.

دواتـر دیـدگا ئایدیالیزمییـەکان بـۆ داهاتـوو لـە ئـەدەب و هـزردا گەشـەیان کـرد، وەک ڕۆمانـی (ڕوانیـن بـۆ دواوە ١٨٨٧- ٢٠٠٠ Looking Backward)ی ئێـدوارد بێلامـی، بنـش (تصـور)ی داهاتوویەکـی دەکـرد، کـە پشـتی بـە پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی دەبەسـت .

### هـ. گ. ویڵز: شێوەی شتەکانی داهاتوو

لەسـەدەی بیستەمیشـدا (هــ. گ. ویڵـز H. G. Wells) یەکێـک بـوو، لـە بەشـداربووە دیارەکانـی پێشخسـتنی بیرۆکـەی (مێـژووی داهاتـوو). لـە کتێبـی (شـێوەی شـتەکانی داهاتـوودا :The shape of things to come the ultimate revolution) دیدێکـی دەربـارەی پێشـکەوتنی مرۆڤایەتـی لەسـەر بنەڕەتـی ڕەوتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان پێشـکەش کـرد .

هــ.. گ. ویڵـز چەمکـی (مێـژووی داهاتـوو)ی بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە کتێبـی (شـێوەی شـتەکانی داهاتـوو)دا (١٩٣٣) پێشـکەش کـردووە، کـە تێیـدا پشـتی بـە شـیکاری مێژوویـی و ڕەوتـە هەنووکەییـەکان بـۆ پێشـبینیکردنی داهاتـوو بەسـتووە. کتێبەکـە تەنهـا ئەندێشـەی زانسـتی نییـە، بەڵکـو لێکۆڵینەوەیەکـی هزرییـە، کـە لـە ڕەوتـی داهاتـووی ژیـاری مرۆڤایەتـی دەکۆڵێتـەوە.

ویڵـز، ڕەوتـە مێژووییـەکان بـۆ پێشـبینیکردنی ڕووداوەکانـی داهاتـوو بەکاردەهێنێـت، ئەمـەش گۆڕانکارییەکـی جۆریـی لـە توێژینـەوەی مێژوویـدا دەنوێنێـت. ئەمـەش بـە پێچەوانـەی مێـژووی نەریتییـەوە کـە گرنگـی بـە ڕابـردوو دەدات، ئـەم چەمکێکـی زانسـتی بـۆ داهاتووبینـی پێشـکەش کـرد.

دواتر ویڵز، پێیوابوو ژیاری مرۆڤایەتی بە قۆناغە یەک لە دوا یەکەکانی پێشکەوتندا تێدەپەڕێت، بە ململانێ جیهانیەکان دەست پێدەکات و بە دەرکەوتنی دەوڵەتێکی جیهانی کۆتایی دێت، کە بە زانست و عەقڵ فەرمانڕەوایی دەکات. هاوکات وای دەبینی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی و کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی بەرەو کۆمەڵگایەکی نموونەیی دەبات .

ویڵز، پێیوابوو ژیاری مرۆڤایەتی بە قۆناغە یەک لە دوا یەکەکانی پێشکەوتندا تێدەپەڕێت، بە ململانێ جیهانیەکان دەست پێدەکات و بە دەرکەوتنی دەوڵەتێکی جیهانی کۆتایی دێت

هەروەها پێشنیاری ئەوەی دەکرد، بە پشتبەستن بە توێژینەوەی شێوە مێژووییەکان، دەتوانرێت پێشبینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بکرێت. جەختیشی لەوە دەکردەوە، کە مێژوو هێز گەلێکی کۆمەڵایەتیی دووبارەبووەوە بەڕێوەی دەبات، ئەمەش وا دەکات بنەچەی داهاتوویەکی ڕێک و پێک بکرێت.

هەروەها پێشبینی دارمانی دەوڵەتە نەتەوەییە تەقلیدیەکان دەکات، ئەویش بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی حکومەتێکی جیهانی لەسەر بنەمای زانست و عەقڵانیەت. ئەم دەوڵەتە دەبێتە هۆی کۆتایی هێنان بە جەنگەکان و سەرەتای سەردەمێکی نوێی ئاشتی و پێشکەوتن. دواتر پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە داهێنانە زانستییەکان کلیلی تێپەڕاندنی کێشە جیهانییەکانی وەک هەژاری و برسێتی و نەخۆشی بن. هاوکات ئاماژە بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە دووبارە داڕشتنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکات .

واتە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی بیرۆکەی ویڵز بۆ (مێژووی داهاتوو) بریتیبوو لە (میتۆدی زانستی عەقڵانی)، کە پشت بە شیکاری داتا مێژووییەکان بۆ داینکردنی دیدێکی واقیعی بۆ داهاتوو دەبەستێت. هاوکات (گەشبینی مێژوویی)، دیدێکی ئەرێنی دەربارەی توانای مرۆڤایەتی بۆ تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکان پێشکەش دەکات. لەکۆتایشدا (گشتگیرێتی خستنەڕوو)، واتە بە شێوەیەکی بەرفراوان سیاسەت و تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

بەمشێوەیە کتێبی شێوەی شتەکانی داهاتوو، بەردی بناغەی پەرەسەندنی چەمکی (مێژووی داهاتوو)ە، تێکەڵکردنی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ داڕشتنی نەخشەڕێگای داهاتوو. کارەکە تیشکی خستە سەر گرنگی خوێندنەوەی ئێستا بۆ تێگەیشتن لە داهاتوو، بەو پێیەی دەیکاتە سەرچاوەیەکی زانستی و فەلسەفی لە توێژینەوەی پەرەسەندنی ژیارەکاندا.

هەروەها ئیسحاق عەزیمۆڤ و زنجیرەی (دامەزراوە Foundation) کەی چەمکێکی داهاتوویی وەستاوی لەسەر بنەڕەتی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شێوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەچوارچێوەی کاتدا خستەڕوو .

## ڕۆبێرت ئەی. هاینلاین: هێڵکاری مێژووی داهاتوو

دواتر (ڕۆبێرت ئەی. هاینلاین Robert A. Heinlein) لە ساڵی ١٩٤١ چەمکی (مێژووی داهاتوو) ی بەکارهێنا، کاتێک (هێڵکاری مێژووی داهاتوو)ی لە گۆڤاری Astounding Science Fiction بڵاوکردەوە.

هێڵکارییەکە وەک چوارچێوەیەکی زەمەنی بوو، ڕووداوەکانی داهاتووی لەخۆگرتبوو، کە ببووە پاشخانی چیرۆک و ڕۆمانە ئەندێشەییەکانی. بەو کورتە چیرۆکانەی کە لە نێوان ساڵانی چل و پەنجاکاندا بڵاوکرانەوە، دەستیکرد بە درێژکردنەوەی ئەم چوارچێوەیە و دواتر زۆرێکیان لە کتێبی ڕابردوو لە میانەی سبەینێوە (The Past Through Tomorrow) کۆکرانەوە، کە لە ساڵی ١٩٦٧دا بڵاوکرایەوە .

هێڵکاری و جیهانبینی گشتی بۆ (مێژووی داهاتوو)، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە ماوەی گرێ و سەدەکاندا نیشان دەدات، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر گەڕان بەدوای بۆشایی ئاسمان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و شۆڕشە سیاسییەکان. واتە هاینلاین، لە چوارچێوەیەکی کاتییدا وەسفی داهاتووی مرۆڤایەتی دەکات، کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم تا سەرەتای سەدەی بیست و سێیەم درێژدەبێتەوە.

## دەیڤید ستالی: بەکارهێنانی بیرکردنەوەی مێژوویی بۆ ئەندێشەکردنی داهاتوو

دەیڤید ستالی (David J. Staley) یش لە کتێبی (مێژوو و داهاتوو: بەکارهێنانی بیرکردنەوەی مێژوویی بۆ ئەندێشەکردنی داهاتوو : History and Future: Using Historical Thinking to Imagine the Future)، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بڵاوکراوەتەوە، باسی لە چەمکی (مێژووی داهاتوو) کردووە. ستالی ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو کە مێژوونووسان دەتوانن بە بەکارهێنانی لێهاتوویی و میتۆدۆلۆژیاکانیان بەهەمان ئەو شێوەیەی ڕووداوەکانی ڕابردووی پێ شیدەکەنەوە، لە داهاتووش بکۆڵنەوە. ئەم میتۆدە داهێنەرە ئامرازێک پێشکەش دەکات، بۆ تێکەڵکردنی بیرکردنەوەی مێژوویی لەگەڵ توێژینەوە ئایندەبینییەکان، بەشێوەیەک پردێک لە نێوان تێگەیشتن لە ڕابردوو و بینینی داهاتوو دروست دەکات.

ستالی، پێیوایە (مێژووی داهاتوو) چەمکێکە کە ئامانجی بەکارهێنانی بیرکردنەوەی مێژووییە، بۆ ئاشکراکردنی داهاتوو. واتە پێیوایە مێژوونووسان دیدێکی ناوازەیان هەیە، کە وایان لێدەکات بتوانن ئەو شێوە و ڕەوتانەی کە لە ڕابردوودا سەریان هەڵداوە، بۆ ئەنجامگیریی سیناریۆ ئەگەرییەکانی داهاتوو بەکاربهێنن. واتە مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتوودا بە هەمان وردیی و شیکاری ڕەخنەیی کە بەسەر ڕابردوودا جێبەجێی دەکەن.

> ستالی، پێیوایە (مێژووی داهاتوو) چەمکێکە کە ئامانجی بەکارهێنانی بیرکردنەوەی مێژووییە، بۆ ئاشکراکردنی داهاتوو.

مەبەست لە (مێژووی داهاتوو) پێشبینیکردنی داهاتوو نییە، بەڵکو مەبەستی ئەندێشەکردنی سیناریۆ گەلێکی ئەڵتەرناتیڤە کە لەسەر بنەمای بەڵگە و کۆنتێکستی مێژوویی ڕاوەستابێت.

چەمکەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە داهاتوو پێشوەختە دیاری نەکراوە، بەڵکو دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی زۆر و گۆڕاوە . ستالی، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە میتۆدۆلۆژیای مێژوونووسان وەک شیکردنەوەی کۆنتێکست، تێگەیشتن لە هۆکارێتی و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی باش بۆ ئاشکراکردنی داهاتوو گونجاون. دواتر بۆ ئەندێشەکردنی داهاتوو داوای بەکارهێنانی سیناریۆ دەکات. ئەم سیناریۆیانە گێڕانەوە گەلێکن، کە چۆنیەتی گەشەکردنی ڕووداوەکانی داهاتوو وەسف دەکەن، ئەویش بە پشتبەستن بە ڕەوتەکانی ئێستا و پێشینە مێژووییەکان .

ستالی، ئاڵنگاری ئەو بیرۆکەیەش دەکات، کە مێژوو لە لێکۆڵینەوەی ڕابردوودا کورت دەکاتەوە. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بیرکردنەوەی مێژوویی دەبێت بۆ داهاتوو درێژبێتەوە، واتە وەک ئامرازێک بۆ پێشکەشکردنی دیدگەلێک کە یارمەتیدەر بێت بۆ بڕیاردان.

دەتوانین بڵێین کتێبەکە بە ڕێبەرێکی کرداریی دادەنرێت، کە ئامانجی ئەوەیە ئامرازگەلێکی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەربارەی داهاتوو، بۆ مێژوونووسان و خاوەن بڕیارەکان و توێژەران دابین بکات، بە شێوەیەک کە پشت بە تێگەیشتنی مێژوویی ببەستێت.

ستالی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەیەکەوە گرێدراون و تێگەیشتن لەم (بەردەوامیی)ە ڕێگە بۆ شیکارییەکی قووڵتر بۆ هەر یەک لە مێژوو و داهاتوو خۆش دەکات. دواتر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن (مێژووی داهاتوو) دەتوانێت یارمەتی بڕیاردەران و سیاسەتمەداران و کۆمپانیاکان بدات، کە پێشبینی ئاڵنگاریی و دەرفەتەکانی داهاتوو بکەن. جەختیش لەسەر بیرۆکەی بوونی چەندین داهاتوو دەکاتەوە، کە هەریەکەیان لەسەر بنەمای گۆڕاو و بڕیار و هۆکارە جیاوازەکان پێکدێن .

بەمشێوەیە کتێبی مێژوو و داهاتووی (دەیڤید ستالی)، کارێکی دەستپێشخەرانیە، کە سەرلەنوێ ئەرکی مێژوونووسان پێناسە دەکاتەوە، هانیان دەدات بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکردنەکان سەبارەت بە داهاتوو، ئەویش بە بەکارهێنانی لێهاتوویی و دیدگا بێوێنەکانیان.

بەمشێوەیە (مێژووی داهاتوو) بوارێکە بەردەوام لەگەڵ پەرەسەندنی بیری مرۆڤدا لە پەرەسەندنداپە. لە تێڕامانە فەلسەفییەکان لە کاتەوە، بۆ پێشبینییە زانستییەکانی سەردەمی مۆدێرن، هەتا ئەدەب و ئەندێشەی زانستی سەدەی بیستەم و دواتر لەسەر دەستی مێژوونووسان لێکۆڵینەوە لە (مێژووی داهاتوو) چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە تواناکان و ئەگەرەکانی بەردەست مرۆڤایەتی دابین دەکات.

## باسی دووەم: عەبدوڵا جەودەت و داهێنانی چەمکی مێژووی داهاتوو

عەبـدوڵا جـەودەت لـە (٣٠ مایسـی ١٩١٣) بابەتێکـی کورتـی لەژێـر ناونیشـانی گوتـار (خطـاب-Discourse) دا بڵاوکردووەتـەوە. لەوێـدا نووسـەر بـە کورتـی و بـە ڕاشـکاوی بـاس لـە چییەتـی و گرنگـی مێـژوو دەکات، هـەر لەوێشـدا سـەرنجی هەمـووان بـۆ کایەیەکـی گرنگـی توێژینـەوە ڕادەکێشـێت، کـە بریتییـە لـە (مێـژووی داهاتـوو). جابۆ ئـەوەی بـە وردیـی تێبگەیـن، دەبێـت سـەرەتا لـە سەرباسـەکەیەوە کـە (گوتـارە) بچینـە نێـو توێژینەوەکـەوە.

### گوتار بۆ؟

دیـارە (گوتـار) وەک هـەر چەمکێکـی نێـو زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان چەندەهـا پێناسـەی جیـاوازی بـۆ کـراوە. سـەرەتا ئـەم وشـەیە لەنێـو کایـەی توێژیینـەوە زمانەوانییەکانـدا دەرکـەوت، دواتـر پەرەیسـەند و پەلـی هاویشـتە نێـو کایـە جۆراوجۆرەکانـی زانسـتە مرۆڤاتییەکانـەوە. بـە پێـی چەمکـە زمانەوانییەکانیـش بـۆ دەقـە بـاڵاکان، وەک قورئانـی پیـرۆز و هۆنـراوەی جاهیلـی عـەرەب و لـە توێژینـەوە ئەورووپییەکانیشدا بـۆ ئیلیـازە و ئۆدیسـە درێـژ دەبێتـەوە .

زاراوەی گوتـار لـە وشـەی لاتینـی (Discourse)ەوە وەرگیـراوە، کـە پێـک هاتـووە لـە dis + course. پێشـگری dis لـە زمانـی ئینگلیزیـدا دەخرێتـە سـەر هەنـدێ وشـە بـۆ گۆڕانـی واتەکـەی یاخود بەگشتی بـۆ دژەکـەی. بۆنموونـە هوشـەی believe بـاوەڕ، کـە دەکرێـت بـە disbelieve واتـە کوفـر، یـان وشـەی agree قایلبـوو دەکرێـت بـە disagree واتـە قایـل نەبـوو، بـەڵام وشـەی course واتـای (ڕەوت) یـان (ئاڕاسـتە) دەگەیەنێـت، کاتێکیـش پێشـگری dis ی دەخرێتەسـەر دەبێتـە (گۆڕانـی ئاڕاسـتە یـان دژە ڕەوت)، واتـە ڕەوتەکـە جێگیـر نییـە، کـە ئـەم واتایـە لـە لای زمانەوانییـەکان بەدیناکرێـت. هەرچەنـدە هەندێکیـش پێیانوایـە کـە dis پێشـگر نیـە و بەشـێکە لـە وشـەکە . لەسـادەترین پێناسـەیدا گوتـار پێکهاتەیەکـی زمانـی نـووسراوە یـان تۆمارکـراوە، کـە دەبێـت بـارگاوی کرابێـت بـە هـزر، مەعریفـە، جیهانبینـی .

(فۆکـۆ)ش پێیوایـە گوتـار پانتاییەکـە سـنورێکی بەهێـزی لـە مەعریفـەی کۆمەڵایەتـی هەیـە، هـاوکات سیسـتمێکە لـە بیـرو بۆچـوون، کـە دەتوانرێـت لـە ڕوانگەیـەوە پـەی بـە جیهـان ببرێـت، دیـاردەی بنەڕەتـی تێیـدا ئەوەیـە کـە جیهـان بەسـادەیی (لێـرەدا) نیـە تـا بتوانرێـت قسـەی لەبـارەوە بکرێـت، بەڵکـو لـە میانـەی خـودی گوتـارەوە جیهـان بوونـی دەبێـت، بۆیـە دەبێـت قسـەکەر و گوێگـرەکان، نووسـەر و خوێنـەرەکان، لـە خۆیـان و پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ یـەکتردا و شـوێنیان لە جیهانـدا تێبگـەن، ئـەوەش بـە بونیادنانـی خودیـی/ کاریگەرێتـی و

> (فۆکۆ)ش پێیوایە گوتار پانتاییەکە سنورێکی بەهێزی لە مەعریفەی کۆمەڵایەتی هەیە، هاوکات سیستمێکە لە بیرو بۆچوون، کە دەتوانرێت لە ڕوانگەیەوە پەی بە جیهان ببرێت

کۆمەڵگەی سیمبولێت (عەبدوڵڵا جەودەت) ناونیشانی (گوتار) بۆ ئەم بابەتە هەڵدەبژێرێت، ئەوا ئەوە روونە بەلایەوە تەواوی رستەکان واتای تایبەت بە خۆیان هەیە و بە راشکاوی دژ بە دۆخێکی دەقپێوەگرتووی کۆمەڵگە دەدوێت، و دژ بە ئاراستە باوەکانی مێژوونووسیی و ئەو قایلبوونانەشی کە تا ئەوکاتە کوردەکان بەرانبەر بە مێژووی خۆیان هەیانبوو و پێی رەزامەند بوون، دەوەستێتەوە. واتە زۆر بەروونی و لە میانەی (٤٢٩) وشەدا پەیامی هزریی و مەعریفی و جیهانبینی خۆیمان پێرادەگەیەنێت. وەک بە راشکاوی دەڵێت:" چ لەبەر چۆراوگەی قەڵەم بێ یان بیر، لە جیهاندا هیچ شاکارێکی مەزن نییە، لە ئەنجامی بوێری و ئازایەتی نەبووبێ، ئەوەتا من بە دڵگەرمییەوە ئەو بیر "گوتار"ە دەخەمە بەردەم لاوانی کوردەوە" .

ئەو دەیەوێت لە میانەی ئەو گوتارەدا، کورد لە خەوی غەفڵەت هەڵسێنێت و بەئاگایان بهێنێتەوە کە ئەوان لە چ شوێنێکی جیهان و مرۆڤایەتیدان. بە واتایەکی تر ئەو کار لەسەر تێگەیشتنی تاکێکی دیاریکراو یاخود تەنانەت توێژێکیش ناکات، بەڵکو دەیەوێت لەمیانەی وشەی (گوتار)ەوە مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی دروستبکات یان کار بۆ دارشتنی سیستمێکی هزریی بکرێت، تا لە میانەیدا کوردەکان بتوانن جیهان بناسن و شوێنی خۆشیان لەو جیهانەدا دیاری بکەن.

**مێژوو و کەسێتی میللەتان**

مێژوو وەك هەر مەعریفەیەکی مرۆیی دیکە، لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤدا پەرەی سەندووە، لەگەڵ دەسپێکی سەدەی نۆزدە و بەهۆی ئەو گۆرانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزرییانەی کە ئەوروپا بەخۆیەوە بینی، زۆر لە مێژوونووسان و فەیلەسوفانی هاندا کە بیر لەو کایە گرنگەی مەعریفە بکەنەوە، بۆیە چەندەها لێکدانەوە و پێناسەی نوێ بۆ ئەو چەمکە خرایەروو، بەشێوەیەك کە واتاکەی فروانتر و گشتگیرتربوو، لەکاتێکدا پێشتر تەنها گرنگی بە گێرانەوەی هەواڵ و بەسەرهاتە پێشینییەکان دەدرا. واتە لە روانگەی تێروانین و میتۆدەوە سنووردارببوو. بەڵام لەم سەدەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەنگاوی زیاتری بەرەو زانستیبوون و میتۆدیبوون نا .

> **مێژوو وەك هەر مەعریفەیەکی مرۆیی دیکە، لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤدا پەرەی سەندووە**

هەوڵەکان بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر فراوان و گشتگیربوون، بەئەندازەیەك دەتوانین بڵێین (توێژینەوە مێژووییەکان) وەك (شۆرشێکی بێدەنگ)ی سەدەی نۆزدەیەم دەرکەوتن. ئەمەش لە جۆراوجۆرێتی شێوازی نووسینی مێژووییدا، یا لە روانگەی پەرەسەندنی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی یا فراوانبوونی بواری لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا بەرجەستە دەبوو . هەر ئەم دۆخە بوو وای لە کەسانێکی وەك (کاترین کولیو-تیلین Catherine Colliot-Thelene) کرد ئەو سەدەیە بە (سەدەی مێژوو) ناوزەدبکەن ، پێشتریش لە ساڵی (١٨٣٤) (ئۆگستین تیری) پێشبینی ئەم راستییەی کردبوو، وەك دەڵێت: "مێژوو مۆرکی سەدەی نۆزدەیەو ناوی خۆی بەسەردا دادەبرێت، وەك چۆن فەلسەفە ناوی خۆی بەسەر سەدەی هەژدەهەمدا دابرییوو .

جا لەبەرئـەوەی (عەبـدوڵا جـەودەت)، لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا ژیـا و ئـاگاداری گۆڕانکاریـی و بەرەوپێشـچوونەکانی ڕۆشـنبیری ئەوروپـی بەگشـتی و مێـژوو بەتایبەتـی بـوو، هـەر زوو دەرکـی بـە هەسـتیاری سـەردەمەکە لەلایەکـەوە و پێشـکەوتنی زانسـت لەلایەکـی تـرەوە کردبـوو، ئـەو بـاش لـەوە تێگەیشـتبوو کـە کاتـی سـەرلەنوێ دروسـتکردن و پێکهێنانـەوەی قـەوارە و کۆمەڵگەکانـە، وەک دەڵێـت:" ئێمـە لـە سـەردەمێکداین، میللەتـان دەسنیشـانی کەسـێتی خۆیـان دەکـەن، وەکـو چـۆن هـەر پیاوێـک کەسـێتی دیـار و تایبەتـی خـۆی نەبـێ بایەخێکـی کۆمەڵایەتـی نابـێ، ئـا ئاوەهـاش ئـەو میللەتـەی کەسـێتی خـۆی نەبـێ نـاوی ناهـێنرێ و لـە ئاژەڵێکـی قسـەکەر پتر نابـێ" .

ئـەو کەسـێتی میللەتیـش بـە مێـژووەوە دەبەسـتێتەوە وپێیوایـە مرۆڤـی بـێ مێـژوو وەک ئـەو پووشـە وایـە کـە (بـا) چۆنـی بووێـت دەیجوڵێنێـت، وەک دەڵێـت:" **هـەر بـەم شـێوەیە مێـژوو بـۆ نەتـەوەکان وەکـو توانـای یادەوەرییـە لای پیـاوان، ژیـان و مـرۆڤ و ئـاژەڵ لـە بەدیهێنانـی هەمـوو کەڵەکەبـووەکان و بەردەوامـی گەنجینـەی بیـر دیـار دەبـێ.**

**مرۆڤـی تـووش بـوو بـە نەخۆشـی (Amnesie Complette) واتـە: لـە بیرچوونـەوە وەکـو ڕووەک و گیـای نێـو باخچەکانمـان و چیـاکان، لەهـەر لایـەوەی بـای لێـوە هەڵبـکا، گـەڵا سـەوزەکانی بەلایەکـدا لار دەکاتـەوە" .**

لێـرەدا ڕەنگـە ئـەو پرسـیارە بـە بیرمانـدا بێـت کـە بۆچـی مێـژوو بـەلای عەبـدوڵا جەودەتـەوە ئەونـدە جێگـەی بایەخپێدانـە؟ ئـەو بەهـۆی ڕۆشـنبیرییە گشـتگیرییەکەیەوە لەلایەکـەوە و هاوسـەردەمیبوونی لەگـەڵ ئـەو بەرەوپێشـچوونە گەورەیـەی کـە لـە ئەورپـادا بەسـەر مێژووناسـییدا هاتبـوو لەلایەکـی تـرەوە، لـەوە تێگەیشـتبوو کـە ئەرکـی مەعریفـەی مێژوویـی بریتییـە لـە گەشـەپێدانی هۆشـیاری خودیـی - کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـە جۆراوجـۆرەکان. ئـەو ڕۆڵـەی مەعریفـەی مێژوویـی لـە کۆمەڵگـەدا دەیبینێـت، هاوشێوەی هەمـان ئـەو ڕۆڵەیـە کـە (یادەوەری) لـە تاکـدا دەیگێڕێـت. ئـەو کەسـەی یادەوەری لەدەسـت دەدات (ئـەوەش نەخۆشـییەکە) هـاوکات خودئاگایـی خـۆی ونـدەکات، دواتـر کەسـێتییەکەی پـەرت دەبێت و ناتوانێـت لەگـەڵ شوناسـەکەیدا بگونجێـت. یـادەوەری برێکـی زۆر زانیـاری گرنـگ دەربـارەی ئـەو ڕوداوانـەی کـە ڕویانـداوە لەخـۆ دەگرێـت (بەوانەشـەوە کـە دەکرێـت لـە داهاتـوودا ئەنجام بدرێـن)، واتـە هـەر لـە زانیـاری و بڕیـار و پێـوەرەکان و بەرهـەم و چالاکییـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان لەخۆدەگرێـت. بەهـۆی یادەوەرییـەوە مـرۆڤ دەتوانێـت ئـەو زانیارییانـەی دەیانبینێـت و گوێبیسـتیان دەبێـت، هەڵیـان بگرێـت و بشـیانگوازێتەوە. نەبوونـی یـادەوەری یـان لەدەسـتدانی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە مـرۆڤ نەتوانێـت هیـچ چالاکییەکـی کۆمەڵایەتـی و تاکیـی گرنـگ ئەنجـام بـدات .

لێـرەوە یـادەوەری تـاک بـە هۆشـیاری مێژوویـی کۆمـەڵ دەشـوبهێنرێت، ئـەو پێویسـتییە کۆمەڵایەتییانـەی کـە مەعریفـەی مێژوویـی هەڵدەسـتێت بـە پڕکردنـەوەی بریتییـە لـە سـازکردنی مەرجـە گرنگەکانـی ئیـرادەی ڕۆشـنبیریی و نەژادیـی و کۆمەڵایەتـی نەتـەوە، هەتـا بەرانبـەر بـە خـودی خۆیـان هۆشـیارییان بکاتـەوە، کـە کۆمەڵگەیەکـی تایبەتـن و لـە تـەواوی کۆمەڵگەکانـی تـر جیـاوازن و ئـەوان خۆیـان گشـتێکی تـەواون. هۆشـیاری مێژوویـی سـنووری تەسـکی یـادەوەری تـاک تێدەپەڕێنێـت، واتـە وەک ئەرکـی ژیـری یاخـود بەرهەمـی ئەزمونـی ژیانـی تاکێـک نییـە! بەڵکـو وەک مەعریفەیەکـی زانسـتییە

کـە تـەواوی ئەندامانـی کۆمەڵگـە قبوڵـی دەکـەن و لێیتێدەگـەن، ئـەو وابەسـتەیی و بەردەوامـی لـە نێـوان نەوەکانـدا مسـۆگەر دەکات، هـاوکات ئـەو مەرجانـە بەدیدێنێـت کـە کۆکبـوون و تێگەیشـتنی هاوبـەش و شـێوە تایبەتەکانـی هاوکاریـی نێـوان خەڵکـی لـە تـەواوی بـوارە جیاوازەکانـی چالاکییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا دروسـت دەکات .

یـادەوەری کۆمەڵایەتـی مێژوویـی، بەوپێیـەی کـە زانینـی ڕابـردووە، مومارەسـەی ئەرکەکـەی خـۆی دەکات، ژمارەیەکـی زۆر نموونـەی ڕەفتـاری جیامەنـدی کۆمەڵایەتـی پێشـکەش دەکات، شـوێنەواری کەسـایەتیی و هەڵوێسـتە جۆراوجۆرەکانـی و بارودۆخـە مێژوویـیـەکان و شـێوەکانی یەکلاکردنـەوەی ململانێـکان کـە دەبنـە هـۆ بـۆ یارمەتیدانـی سیسـتمێکی کۆمەڵایەتـی و کۆمەڵگەیەکـی نەریتـی دیاریکـراو یـان ڕێخراوێکـی دیاریکـراو، ئـەوەش کـە بـەوەی کـە دەبێتـە پێوەرگەلێـک کـە لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کاتـدا پێوانـەی پێدەکرێـت و باشتریـن ڕێسـاکانی ڕەفتـار دادەمەزرێنێـت، کـە کۆمەڵگـە بڕیـاری لەسـەر دەدات.

مێژوونووسـان بەدرێژایـی سـەردەمە مێژوویـیـەکان، مەبەسـتی چیرۆکـە مێژوویی و مەبەسـتەکانی خۆیانیـان لا ڕوون بـوو، ئـەوان ئەزموونەکانـی بـاب و باپیرانیـان دەخسـتە بـەردەم نەوەکانیـان تـا وەک پێشـەنگێک چاویـان لێبکـەن، یـان بـۆ ئـەوەی ببێتـە بابەتـی تێڕامـان و ببێتـە بەشـێک لـە ئەزموونـی مێژوویـی.

عەبـدوڵا جـەودەت، بەوپێـەی لـە بنەڕەتـدا پزیشـکی دەروونـی بـوو، بـاش لـەو دۆخـە تێگەیشـتبوو، کـە هـەر نەخۆشـێک تووشـی نەخۆشـی لەبیرچوونەوە بێت زۆر ناژی - وەک زانسـتی پزیشـکی پێمان دەڵێت - هەربۆیە ئـەو یـادەوەری بـە شـوناس (Identite) دەزانـی، جـا ئایـا ئەگـەر گەلێـک یـا نەتەوەیـەک مێژووەکـەی فەرامـۆش بـکات و شوناسـێکی نەبێـت، کـە لـە کۆمەڵـە مرۆییەکانـی تـر جیـای بکاتـەوە، دەتوانرێـت بـە میللەتێکـی زینـدو وەسـفبکرێت؟ ئایـا بەشـێکی زۆری شـوێنی هـەر نەتەوەیـەک لـە ئێسـتادا پشـت بـە ڕابردووەکـەی نابەسـتێت؟ بۆچـی گـەلان پـارەو کاتێکـی زۆر بـۆ بونیادنانـی مۆزەخانـە و شـوێنەکانی یـادەوەری تەرخـان دەکـەن؟ ئەمـە سـەرەڕای ئاهەنگگێڕانییـان بەبۆنـەی یادەوەرییـە سیاسـی و ئایینـی و ڕۆشـنبیریی و کۆمەڵایەتییەکانـەوە. ئەمـەش لـە پێنـاوی ئـەوەدا نییـە کـە (لەیادکردنـی ڕابـردو دۆڕاندنـی داهاتـووە)؟! .

## کورد و مێژوو

لـەو ڕوانگـەوە (عەبـدوڵا جـەودەت) دێـت و بـە بوێریـی و ئازایانـە - خـۆی گوتەنـی - پرسـیار لـە بوونـی مێژوویـی کـورد دەکات و هەوڵـی ڕاچەنینیـان دەدات. جـەودەت، پـەی بـە هەژاریـی و دواکەوتوویـی کـورد لـە بـواری مێژوونووسـیدا بردبـوو، ئەمـە لەکاتێکـدا شـاهێدی ئـەو وەرچەرخانـە مێژوویـە گرنگانـە بـوو، کـە کۆمەڵگـە پێشـکەوتووەکان لـە بـواری مێژوونووسـیدا بڕیبوویـان و لـە جەنگەکانیانـدا بەرانبـەر بەیـەکتری بـۆ سـەلماندنی مافـی ڕەوای خۆیـان بەسـەر زەوییەکانـدا و دەرخسـتنی ڕەسـەنێتی و شـکۆدارێتی و ڕۆڵـی گەورەیـان لـە ڕابـردوودا بـۆی دەگەڕانـەوە! واتـە ئـەوان مێژوویـان کردبـووە ئامـراز و چەکێـک، لەلایەکـەوە نەوەکانـی خۆیـان پـێ پـەروەردە دەکـرد، لەلایەکـی تریشـەوە ڕووبـەڕووی دوژمنەکانیانـی پێدەبوونـەوە، ڕەنـگ دیارتریـن نموونـەش ئـەو پێشـکەوتن و کێبەرکییانـە بێـت، کـە لەنێـوان هـەردوو قوتابخانـەی مێژوویـی (ئەڵمانـی و فەرەنسـی)یدا لـە سـەردەمی جەودەتـدا ڕوویـدا. بـەڵام لـەو کاتـەدا کـورد لـەو پێشـکەوتنانە بـێ ئاگابـوو، چونکـە گـەر کاروانـی مێژوونووسـیی کوردیـی دوای شـەرەفخان و

بەتایبەت لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەهەمدا بە قۆناغێکی داکشانی درێژخایەندا تێپەڕی، دەتوانین بڵێین تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی خایاند. لەم ماوە دوورودرێژەدا تەنیا چەند هەوڵێکی کەمی مێژوونووسینمان بەرچاو دەکەوێت، کە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ ناکەن!: هەندێ لەمانە تەنیا بریتین لە هەوڵی درێژکردنەوە و تەواوکردنی نووسینەکانی پێشوو لە ڕێگەی نووسینی پاشکۆ بۆیان، بەتایبەتیش بۆ کتێبی شەرەفنامە. وەك پاشکۆ تایبەتەکەی (حاکمانی گەڵباخی ١٦٨١) و پاشکۆیەکی تر لە ساڵی ١٦٨٧ نووسراوە و (شەمعی) ناوێك دایناوە .

لە پاڵ ئەم دوو پاشکۆیەدا و لە ماوەی ئەو دوو سەدەیەدا تەنیا دوو هەوڵی سەربەخۆش بەرچاو دەکەون بۆ نووسینەوەی مێژوو: یەکەمیان نووسراوێکی گرنگی (ابن محمد) ناوێکە کە ناونیشانی (تاریخ کردستان -١٧٠١)ی هەڵگرتووە، بەڵام ئەم کتێبە فەوتێنراوە! دووەمیشیان بریتییە لە گەشتنامەیەکی مێژوویی کە قوتابییەکی ئاینیی کورد لە سەدەی دوازدەی کۆچی (هەژدەی زاینی) پێی هەستاوە. ئەم قوتابییە کە تەهای کوڕی یەحیای کوردی بالیسانییە، بۆ خوێندن زۆربەی شارەکانی کوردستانی کردووە و ئینجا چووەتە شام و لەوێشەوە بۆ میسر. ناوبراو تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بە گەشتەکەیی و ئەو شوێنانەی کە پێیاندا تێپەڕیوە لە دەستنووسێکی (٩٤) پەڕەییدا تۆمارکردووە .

بەڵام سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووی مێژوونووسی کوردییەوە لەگەڵ هەردوو سەدەی پێشووتردا جیاوازبوو، چونکە لەو سەدەیەدا چەند بەرهەمێکی مێژوویی دەربارەی مێژووی کورد و لەلایەن مێژوونووسانی ئەو سەدەیەوە بەرهەم هات، سەرەڕای سنوردارێتی ژمارە و بڵاوبوونەوەیان و تایبەتبوونییان بە ناوچە و بنەماڵەی دیاریکراوی میرنشینێکی دیاریکراو، هاوکات ڕەنگە زیادەڕەوی نەکەین گەر بڵێین ژمارەی ئەو سەد ساڵەش بەرهەمە مێژووییەکانی کورد هەر ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەست تێناپەڕێنن! لە گرنگترین ئەو بەرهەمانەش: (زوبدەتولتەواریخی سەنەندەجی)ی (مەلا محەمەد شەریفی قازی ئەردەڵان) و کتێبی (تاریخی ئەردەڵان -١٨٢٨)ی (ئیسماعیل کوڕی مەلا محەمەد حوسێنی ئەردەڵانی) و کتێبی (تاریخی ئەردەڵان -١٨٤٦) ی (ماهشەرەفخانمی کوردستانی) و کتێبی (تاریخی بەنی ئەردەڵانی (خوسرەو کوڕی محەمەد کوڕی مەنوچەهر) و کتێبی (مەلیخا) ی (میرزا محەمەد وەقائع نگار) و یاداشتەکەی زانای بەناوبانگی کورد (محەمەد کوڕی ئادەم) و هەردوو کتێبی ( کتابی تاریخی جدیدی کوردستان- ١٨٥٨ و عادات و ڕسوماتی ئەکرادیە)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی .

تا سەردەمی عەبدوڵڵا جەودەت، تاکە بەرهەمێکی مێژوویی کوردی کە زۆر بڵاو و ناسراوو گشتگیر بووبێت، تەنها شەرەفنامە بووە

تەواوی ئەو نووسراوە مێژووییانە و ئەوانەشی کە هەن و باسمان نەکردوون، زیاتر دەچنە چوارچێوەی (مێژووی سیاسیی)ەوە، لەنێو مێژووی سیاسیشدا (مێژووی میرنشینەکان) و (کەسایەتییەکان) و (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە! سەرەڕای ئەوەی لە هەندێکیاندا ئاماژە بە نەژاد کراوە و بە دەگمەنیش تەقە لە کایەکانی تری مێژوونووسیی دراوە .

بـەڵام تـا سـەردەمی عەبـدوڵڵا جـەودەت، تاکـە بەرهەمێکـی مێژوویـی کـوردی کـە زۆر بڵاو و نـاسراوو گشـتگیر بوویێـت، تەنهـا شـەرەفنامە بـووە. بۆیـە ڕاسـتەوخۆ ئـەو نـاوی شـەرەفنامە دێنێـت. لـە میانـەی پرسـیارکردن لـە بوونـی مێژوویـی کـورد پرسـیار لـە بوونـی نەتەوەییەکـەی دەکات،! وەک دەڵێـت:" **هـەر میللەتێـک مێژووییەکـی نـووسراوی تـەواوی نەبوویێـت، وەکـو بڵێـی نەژیـا بـێ وایـە، ئایـا کـورد مێژوویـان هەیـە؟ هیـچ نەتەوەیـەک ناتوانـێ بـە کتێبێکـی وەکـو (شـەرەفنامە) هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئابـڕووی مێـژوو یـان مێـژووی ئابـڕووی خـۆی بـکات و بیپارێـزێ. ئـەو سـەدەیەی ئێمە تێیدا دەژیـن هـەروا گاڵتـە نیـە، ئـەوە سـەدەی بیستەمە. ئـەو میللـەت و تاکانـەی مێـژووی ڕابـردوو و دواڕۆژی خۆیـان نەبـێ ئـەوا تێیـدا دەبنـە کۆیلـە و دیلـی خەڵکـی دیکـە" .**

واتـە ئـەو بوونـی مێـژوو و هۆشـیاری مێژوویـی بـە مەرجـی بەدەسـهێنانی ئابـڕووی نەتـەوە و ڕزگاربـوون لـە کۆیلایەتـی دادەنێـت، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات، کـە تـا ئـەو کاتـە ئـەو تاکە کـەس بـووە زۆر بـە وردی لـە ڕۆڵـی گـەورەی مێـژوو تێگەیشـتووە کـە لـە بونیادنانـی کەسـێتی تـاک و کۆمەڵـدا دەیگێڕێـت، واتـە بەلایـەوە مێـژوو ئامرازێـک بـووە بـۆ پەروەردەکردنـی نـەوەکان و فراوانکردنـی ئاسـۆکانی بیرکردنەوەیـان. هـەر بۆیـەش کـوردەکان بـە ئاگادێنێتـەوە، بەڕاشـکاویی و بویریيانـە پێیـان دەڵێـت (تاکـە سـەرچاوەیەکی مێژوویـی) ناتوانێـت ئابـڕووی مێژوویـی یـان مێـژووی ئابـڕووی نەتەوەیـەک بپارێزێـت! بۆیـە پێیوایـە تاکـە سـەرچاوەیەکی وەک شـەرەفنامە بەتەنهـا ناتوانێـت مێـژوو بـۆ کـورد دروسـت بـکات! وەک دەڵێـت:" **مێـژووی هـەر نەتەوەیـەک ئـاوات و ئامانجـی ئـەو میللەتەیـە، ئـەوە مانـای وشـەی ئامـاژە بۆکـراو دەدات، کـە لـە زوویکـەوە بەکاردەبـرێ.**

**مێژوو ئامرازێک بووە بۆ پەروەردەکردنی نەوەکان و فراوانکردنی ئاسۆکانی بیرکردنەوەیان**

**دەسا وەرن با بەیەکـەوە دانـی پێدا بنێیـن کـە کورد کتێبێکـی ئەوتـۆی مێژوویـان نییە کە بەڕاسـتی شـایانی سـەردەم بێت. پاشـان ئایا کـورد بیر (مبدأ)یکیـان هەیە، ئەگـەر هەیانە با ڕوونـی بکەینەوە" .**

### مێژووی داهاتوو

ئەگـەر لـە تـەواوی بەرهەمـە مێژووییـە کوردییـەکان ڕابمێنیـن، ئـەوا بـەو ڕاسـتیە ئاشـنا دەبیـن، کـە (ڕابـردوو) ئـەو ناوەندەیـە کـە تـەواوی توێژینـەوە مێژووییـە کوردییـەکان لـە خولگەکەیـدا دەخولێنـەوە! واتـە لـە مێژوونووسـی کوردیـدا (کات) تەنهـا یـەک ڕەهەنـدی هەیـە، کـە ئەویـش بریتییـە لـە ڕابـردوو! هـاوکات لـە ناوەنـدە زانکۆییەکانـدا ڕەزامەنـدی بـە توێژینەوەیـەک نادرێـت گـەر ماوەیەکـی چەندەهـا سـاڵەی بەسـەردا تێنەپەڕیبێـت! لـە کاتێکـدا پێـش سـێ چارەکـە سـەدە مێژوونووسـی گـەورەی فەڕەنسـی (مـارک بلـۆخ) ئـەو تێگەیشـتنەی بـەلاوە تـەواو نەبـوو، کـە مێـژووی تەنهـا بـە زانسـتی (ڕابـردوو) و (مرۆڤـەکان) دادەنـا! بەڵکـو ئـەو پێیوابـوو مێـژوو (توێژینـەوەی مرۆڤـە لـە کاتـدا نـەك لـە ڕابـردوودا) . بـەلای ئـەووەوە کات ناوەنـدە (مرکـز)، ئـەو پلازمـا ( Plasma) یەیـە کـە تێیـدا دیـاردەکان مەلـە دەکـەن .

دابەشكردنی كات بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو كارێكی ڕێژەییە، واتە سەبارەت بەمرۆڤ بەتەنها، بەڵام سەبارەت بە كاتی ڕەها ئەوا ئەوا سنوورانە لە كوێدان كە جیاوازی لەنێوان ئەوەدا دەكات كە ناومان لێناوە ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو؟

ئەو ڕابردووە كامەیە سەبارەت بەئێمە لەكاتێكدا هەنووكەیی بووە بۆ هاوسەردەمەكانی پێش ئێمە؟ هاوكات ئەوە داهاتوو بووە سەبارەت بەوانەی پێش خۆی، تەنانەت ئەو ئێستایەی كە ئێمە ژیانی تێدا دەگوزەرێنین، ئەوە سبەینێ هەر بۆ ئێمە دەبێتە ڕابردوو، داهاتووی نادیاریش دەبێتە ڕابردوو سەبارەت بەوانەی كە مردن مۆڵەتی ژیانیان پێدەبەخشێت و بەهەموو ئەوانەش كە لەدوای ئێمەوە دێن .

رابردوو بە بەسەرچوونی كاتەكەی تێناپەڕێت و بەكۆتایی هاتنی دەمەكانی كۆتایی نایەت، بەڵكو ئەو بەزیندویی و كاریگەر لە ژیانماندا دەمێنێتەوە، چونكە (رابردوو) بوونێكی بابەتی هەیە لە (ئێستا)دا، كە لە (داهاتوو)ی دواوەی خۆی حەشارداوە .

هەروەك چۆن ئێمە منداڵیمان لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین كاتێك دەبینە لاو و بەوشێوەیە تا كۆتایی تەمەن، بەهەمان شێوە مرۆڤایەتیش لە كاروانی بەردەوامیدا ڕابردووی بۆ ئێستای هەڵدەگرێت و ڕابردو و ئێستاشی بۆ داهاتووی هەڵدەگرێت، هیچ شتێك لە ئەزموونەكانی نامرێت و لەناو ناچێت . دواتر ئێمە كە بە وردی لە ڕاستیی مێژوویی ڕادەمێنین، دەبینین دابەشبوونی كاتیی ناناسێت، بۆیە لێرەدا ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو نییە، بەڵكو كاتێكی گەڕۆك و ئەزموون گەلێكی بەدوایەكدا هاتوو دەبێت.

لەم سەبەنەوە ئەگەر مێژوویەك هەبێت بۆ ڕابردوو، ئایا ناكرێت مێژوویەك هەبێت بۆ ئێستا و داهاتوو؟ بەدڵنیاییەوە لە جیهانی پێشكەوتودا (مێژووی ئێستا) و (مێژووی داهاتوو) هەیە، بەڵام واتایان چییە؟

لە ساڵی(١٩١٣)دا عەبدولا جەودەت زاراوەی مێژووی داهاتوو (Future History)ی بەكارهێناوە! ئەو وەك یەكەم كەس كە ئەو زاراوەیەی بەكارهێنابێت، لەوە تێدەگات، كە بەكارهێنانی ئەم زاراوەیە بەلای خوێنەرانەوە نامۆیە، بۆیە دەڵێت:" گوتم مێژووی دواڕۆژ، لەوانەیە زۆر لە خوێنەران سەریان لەم چەمكە سوڕبمێنی و لایان سەیربێت، بەڵێ دەبێ میللەتان ببنە خاوەنی مێژووی دواڕۆژیان، چونكە ئەمەیان لە مێژووی ڕابردوو گرنگترە، ڕاستریش ئەوەیە كە نەتەوەكان خاوەنی مێژووی ڕابردوو بن و موڵكی مێژووی داهاتوو و دواڕۆژیان بن" .

بزووتنەوەی مێژوو لە تێكڕای بزووتنەوەكانی دیكە، بەوەی كە بزووتنەوەیەكی مەبەستی (غائیە)یە نەك هۆكارێتی (سببی) بە تەنها، جیا دەكرێتەوە، چونكە بزووتنەوەی مێژوو بە تەنها چاو نابڕێتە هۆكارەكان یاخود ڕابردوو، بەڵكو بەرەو مەبەستەكان دەڕوانێت، لەبەرئەوەی بزووتنەوەیەكی ئامانجدارە و بۆ مەبەستێك لە داهاتوو ڕادەمێنێت، بۆیە داهاتوو بزووێنەری هەر چالاكییەكە لە چالاكییە مێژووییەكان، داهاتووش لە میانەی ئەو (بوون)ە زەینییەوە كە ئەو داهاتووەی تێدا دروست دەبێت، دەجوڵێت .

لەبەر ئەوە بوونی زەینی دەبێتە هاندەر و بزووێنەری بزووتنەوەی مێژوو، چونكە ئەو بوونە زەینییە لە لایەكەوە لایەنێكی هزری بەرجەستە دەكات، كە جیهانبینییەكانی ئامانجەكە دەگرێتەوە، لە لایەكی دیكەشەوە وزە دەنوێنێت، یاخود ئەو (ویست، الارادە)ی كە مرۆڤ بەرەو ئەو ئامانجە هاندەدات و

جووڵانـی بـەرەو ئامانجەکـە چـالاکتر دەکات. ئـەو بوونـە زەینییـەش کـە داهاتـووی بزووێنـەر بەرجەسـتە دەکات، لـە لایەکـەوە گوزارشـت لـە (هـزر)و لـە لایەکـی دیکەشـەوە گوزارشـت لـە (ویسـت) دەکات، بـە ئاوێتەبوونـی نێـوان هـزر و ویسـتیش کاریگەرێتـی داهاتـوو و بزووێنەرێتـی بـۆ چالاکـی مێژوویـی لەسـەر پانتاییـە کۆمەڵایەتییـەکان بـەدی دێـت.

لەڕاستیدا (هـزر) و (ویسـت) ناوەڕۆکـی نـاوەوەی شـعوری مرۆڤـن و ئـەو مەبەسـتانە دروسـت دەکـەن و ئـەو ئامانجانـە لـە میانـەی ئاوێتەکردنـی هـزرو ویسـتدا بەرجەسـتە دەکـەن .

لێـرەدا دەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە ناوەڕۆکـی نـاوەوەی مـرۆڤ بنەڕەتـی بزووتنـەوەی مێـژووە. سـەرخانی کۆمەڵایەتیـش بـە هەمـوو ئەوانـەی کـە دەیگرێتـەوە لـە پەیوەندییـەکان و سیسـتم و ئـاکارەوە بـەو ژێرخانەوە پەیوەسـتە، واتـە بـە ناوەڕۆکـی نـاوەوەی مـرۆڤ، بەمشـێوەیە گـۆڕان و بـەرەو پێشـچوونی ئـەو سـەرخانە کۆمەڵایەتییـە شـوێنپێکەوتەی گـۆڕان و بـەرەو پێشـچوونی ئـەو ژێرخانـە دەبێـت، جـا ئەگـەر بنەڕەتەکـە گـۆڕا ئـەوا سـەرخانەکەش دەگۆڕێـت، بـە پێچەوانەشـەوە ئەگـەر بنەڕەتەکـە بەقەتیـسماوی مایـەوە ئـەو سـەرخانەش بەقەتیسـکراوی دەمێنێتـەوە.

بـەم شـێوەیە گۆڕانـی (بنـەڕەت) گۆڕانـی هەمـوو ئەوانەیـە کـە لـە دەروونـی کۆمەڵـدا بوونـی هەیـە، ئـەوەش گۆڕانـی بـارودۆخ و جۆرێتـی و مێژوویـی و کۆمەڵایەتیـی بـەدوای خۆیـدا دێنێـت، بـەڵام گۆڕانـی تاکێـك یـا دوو تـاك یاخـود سـێ تـاك (بنـەڕەت)ی گۆڕینـی کۆمـەڵ پێکناهێنـن. واتـە ناوەڕۆکـی دەروونـی و نـاوەوەی کۆمەڵێـك وەك کۆمـەڵ نـەك وەك ئـەو تـاك و ئـەم تـاك بـە بنـەڕەت و بنکـەی گۆڕانکارییەکانـی سـەرخانی تـەواوی بزووتنـەوەی مێـژوو دادەنرێـت.

گۆڕانـی ناوەڕۆکـی نـاوەوەو گۆڕانـی کۆمەڵایەتیـی دوو پرۆسـەن دەبێـت بەشـێوەیەکی تەریبـی بە پـاڵ یەکەوە بـڕۆن، واتـە پرۆسـەی دروسـتکردنی ناوەڕۆکـی نـاوەوە لەلایـەن مرۆڤـەوە بنیاتنانـی خـۆی و هزریـی و ویسـت و هەڵپـەکان (الطموحـات)ی دەگرێتـەوەو ئـەو بنیاتنانـە ناوەکیـەش دەبێـت هاوڕێـك لەگـەڵ بنیاتنانـی دەرەکیـدا بـڕوات، واتـە لەگـەڵ بنیاتنانـی سـەرخاندا. بـەم شـێوەیە ناتوانرێـت بنیاتنانـی دەرەکـی لـە بنیاتنانـی ناوەکـی بترازێنرێـت، ئەگـەر تـرازێنراش ئـەوە بنیاتنانێکـی لـەرزۆك و لێکهەڵوەشـاوی لێدەمێنێتـەوە. واتـە ئەگـەر ئـەم دوو کـردارە لـە یـەکتری جیاکرانـەوە ئـەوا (ڕاسـتی) و (نـاوەڕۆك)ی خۆیـان لەدەسـت دەدەن .

هەربۆیـە لـەم ڕوانگـەوە ئـەوە ئـەو (هـزر) و (ویسـت)ەیە، مەبەسـت بـۆ داهاتـوو و ویسـتی بەدیهێنانـی ئـەو مەبەسـتە لـە واقیعـدا دادەنێـن، کـە ئاسـتی پێشـکەوتنی کۆمەڵـگە جیاوازەکانـی بەدیهێنـاوە! واتـە لێـرەوە پـەی بـەوە دەبەیـن کـە هەریـەک لـە یابانییـەکان و چینییـەکان و ئەمریکییـەکان و....تـاد، بـە چ شـێوەیەک وێنـەی داهاتـووی خۆیـان کێشـاوە! واتـە ئـەو واقیعـە هەنوکەییـەی کـە ئێسـتا تێیـدا دەژیـن، بەرهەمـی ئـەو مەبەسـتە بـووە کـە پێشتر بـۆ داهاتـوو هەیـان بـووە! بۆیـە عەبـدوڵا جـەودەت، بەڕاشـکاوی بـاس لـەو ڕاسـتییانە دەکات و لاوانـی کـورد دەدوێنێـت، بـەوەی کـە دەیانەوێـت چ مێژوویيەکـی داهاتـوو تۆمـار بکـەن، وەک دەڵێـت:" **زانـا (فەیلەسـوف)ێک دەڵـێ: لـەوە ئاسـانتر نیـە بزانـرێ هـەر میللەتێـک لـە دواڕۆژدا دەبـێ بـە چـی و دەگاتـە کـوێ؟ ئێـوە لەسـەرتانە کـە بزانـن لـە دواڕۆژدا دەتانـەوێ ببن بـە چـی؟ میللەتەکەتـان چـی دەوێ و دەیـەوێ ببـێ بـە چـی؟ لـەم بـارەدا، بـۆ پـەردە هەڵدانـەوە**

**لەسەر دوارۆژی هەر میللەتێک پێویست ناکات نە ببیە (وەلی) و نە (شێت). دەمەوێ لە لاوانی کورد بگەم و لێیان بپرسم ئەوان دەیانەوێ ببن بە چی و بەچی بگەن؟ ئایا دەیانەوێ ببنە توخم (ئەندام) ێکی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەڵام چۆن توخمێک، توخمێکی پووچ و بێ کەڵکی شەپڵە لێدراو یان توخمێکی تازە و تازەکەرەوە، زیندوو و زیندووکەرەوە. دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا بدرێتەوە، ئەو کات ڕێگە دۆزینەوە ئاسان دەبێت" .**

لێرەوە بەو ڕاستییە تاڵە ئاشنا دەبین کە دوای زیاتر لە یەک سەدە لەو گوتارەی (عەبدوڵا جەودەت) تێگەیشتنی (هزر و ویست و مێژووی داهاتوو) لای کورد جێگەی پرسیارە و هێشتاش لاو و ڕۆشنبیرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی نەک ڕەها ــ وەڵامی پرسیارەکەی ئەویان نەداوەتەوە، کە ئەوان دەیانەوێ ببن بە چی و بەچی بگەن؟ ئایا دەیانەوێ ببنە توخم (ئەندام) ێکی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەڵام چۆن توخمێک، توخمێکی پووچ و بێ کەڵکی شەپڵە لێدراو یان توخمێکی تازە و تازەکەرەوە، زیندوو و زیندووکەرەوە؟ واتە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە ئەمڕۆدا هێمایەکە بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە.

لاو و ڕۆشنبیرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی نەک ڕەها ـ وەڵامی پرسیارەکەی ئەویان نەداوەتەوە، کە ئەوان دەیانەوێ ببن بە چی و بەچی بگەن؟

دیارە کە تا ئێستا کورد لە هەمان ئەو قۆزاخەدا دەژی کە لەسەردەمی عەبدوڵڵا جەودەتدا ژیانی تێدا دەگوزەراند، سەرەڕای بوونی چەندەها زانکۆ و بەشی مێژوو و سەدەها ناونیشانداری مێژوویی و توێژەری ئەو بوارە، ئەوا هێشتا کورد وەڵامی پرسیارەکەی ئەو بیرمەندە گەورەی کوردی نەداوەتەوە، کە ئایا لە داهاتوودا دەبن بەچی. پرسیارە بنەڕەتیەکەش ئەوەیە کە ئایا کەی دەتوانن ببن بە خاوەنی مێژووی داهاتووی خۆیان؟

## ئەنجام

**لەکۆتایدا دەتوانین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:**

١. توێژینەوەکە ئەوەی ئاشکرا کرد، کە چەمکی (مێژووی داهاتوو) تەنیا پێشکەوتنێکی سادەی نێو کایەی مێژوونیە، بەڵکو بوارێکی سەربەخۆی زانین پێکدەهێنێت، کە لەسەر بنەمای پێشبینیکردنی شێوە مێژووییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر داهاتوو دامەزراوە. لەم توێژینەوەیەدا ئەرکی مێژوو وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو وەک یەک لێیڕوانراوە.

٢. توێژینەوەکە سەلماندی کە عەبدوڵڵا جەودەت لە ساڵی ١٩١٣دا بۆیەکەمجار دەستەواژەی (مێژووی داهاتوو)ی بەکارهێناوە، واتە دەیان ساڵ پێش ئەوەی ئەو دەستەواژەیە بۆ نووسەرانی خۆرئاوایی لە ساڵانی چلەکاندا بگەڕێنرێتەوە. ئەم دۆزینەوە ڕۆڵی داهێنەرانە و پێشەنگێتی عەبدوڵڵا جەودەت لە دارشتنی ئەو چەمکەدا پیشان دەدات، بەو پێیەی لە ڕووی کاتەوە پێش ئەوانی تر بووە و لە بواری مێژوودا بەکاری هێناوە، نەک ئەدەب یان ئەندێشەی زانستی یان سینەما، وەک چۆن لە لایەن ئەوانی دیکەوە لەو بوارانەدا بەکارهات.

٣. عەبدوڵڵا جەودەت ئاماژەی بەوەدا کە مێژوو تەنها تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو زنجیرەیەکی بەیەکەوە گرێدراوە و کاریگەری لەسەر ئێستا و داهاتوو هەیە. بەم شێوەیە مێژوو دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ پلاندانان و بونیادنانی دامەزراوەکان و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی.

٤. عەبدوڵڵا جەودەت جەختی لەوە کردەوە، کە تێگەیشتن لە مێژوو دەبێت داهاتووش بگرێتەوە. دووپاتیشی کردەوە، کە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی شێوە مێژووییەکان وادەکات، گەلان (وەک کورد) پێشبینی ئایندەی خۆیان بکەن و دیدگایەکی ڕوون بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندن بونیاد بنێن.

٥. توێژینەوەکە ئاڵنگاری ئەو گێڕانەوە نەریتییانە دەکات کە چەمکی (مێژووی داهاتوو) بۆ خۆرئاوا دەگەڕێننەوە، بەو پێیەی تیشک دەخاتە سەر پشکدارییەکی هزریی لە جیهانی کوردییدا. ئەمەش ڕۆڵی عەبدوڵڵا جەودەت لە مێژووی هزرییدا هەڵدەسەنگێنێتەوە و دەیخاتە چوارچێوەیەکی جیهانی فراوانترەوە.

٦. جەودەت جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان مێژوو و شوناسی گەلان کردەوە، بەلایەوە شیکردنەوەی مێژوو و داهاتووبینی دەتوانێت لە داڕشتنی هۆشیاری نەتەوەیی یارمەتیدەربێت و کۆمەڵگاکانیش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی مۆدێرنیتە دامەزراو بکەن.

٧. توێژینەوەکە تیشکی خستە سەر گرنگی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر چەمکی (مێژووی داهاتوو) و هزرەکانی جەودەت، بە ئامانجی ڕۆشنکردنەوەی ڕۆڵی ئەو لە پەرەپێدانی بیری کوردی و بەشدارییەکانی لە میراتی فیکری جیهانیدا.

## پەراوێزەکان

ب )عەبدوڵڵا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد (گۆڤاری جڤاتی "هێڤی" ی قوتابیانی کورد، ژ ١، ئەستەموول، ١٩١٣،ل ٣.

) Joshua J. Mark: Heraclitus: Life Is Flux, (https://www.worldhistory.org/article/75/heraclitus-life-is-flux/), (15 October 2020).

) علي محمد اليوسف: الزمن في فلسفتي افلاطون وأرسطو، المجلة الثقافية الجزائرية، (https:// thakafamag.com الزمن-في-فلسفتي-افلاطون-وأرسطو-٢ /)

) کامەران محەمەد: ڤێرنان بڕۆدێل و گوتاری مێژوویی، بەڕیوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٤٥ و دواتر.

) Edward Bellamy 1887-2000: Looking Backward, Houghton Mifflin Company, 2008 (ebook 25439).

) H. G. Wells: The shape of things to come: the ultimate revolution, Hutchinson& CO. (Publishers) LTD., London.

) H. G. Wells: The shape of things to come: the ultimate revolution, Hutchinson& CO. (Publishers) LTD., London.

) H. G. Wells: The shape of things to come: the ultimate revolution, Hutchinson& CO. (Publishers) LTD., London.

) ران ليفي: تاريخ المستقبل، (تاريخ-أسيموف- للمستقبل https://al-aleem.science/٢٠١٢٠٨٥-  )، (كانون الاول ٢١، ٢٠٠٨)

Heinlein, Robert A. The Past Through Tomorrow. Berkley Publishing Corporation, U. S. A., 1975.

) David J. Staley: History and Future: Using Historical Thinking to Imagine the Future, Lexington Books, 2007, p 1-24.

) David J. Staley: History and Future: Using Historical Thinking to Imagine the Future, p 65-89.

) David J. Staley: History and Future: Using Historical Thinking to Imagine the Future, p 115-136.

) لبابة حسن: تعريف الخطاب و انواعه، (١٧ سبتمبر ٢٠١٩)، (تعريف_الخطاب_وأنواعه https://sotor.com/).

) لبابـة حسـن: تعريـف الخطـاب و انواعـه، (١٧ سـبتمبر ٢٠١٩)، (تعريف_الخطاب_وأنواعـه //:https
sotor.com/).

) عەتـا قەرەداخـی: گوتـاری ناسـیونالیزمی کـوردی، بەرگـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕەنـج، چاپـی یەکـەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٧.

) عەبـدوڵڵا جـەودەت: گۆڤـاری ڕۆژی کـورد (گۆڤـاری جڤاتـی "هێڤـی" ی قوتابیانـی کـورد، ژ ١، ئەسـتەموول، ١٩١٣، ل ٣.

) کامـەران محەمـەد: فێرنـان برۆدێـل و گوتـاری مێژوویـی، بەڕێوەبەرێتـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی سـلێمانی، سـلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢٧.

) قاسم عبده قاسم: قراوه التاريخ تطور الفكر والمنهج، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، ط١، ٢٠٠٩، ص٢١٢.

) كاترين كوليو- تيلين: ماكس فيير و التاريخ، ت: جورج كتورة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، ط١، بيروت، ١٩٩٤، ص١١.

) بيير- هنرى سيمون: الفكر والتاريخ (يتناول هذا البحث الضمير التاريخى فى ادب القرن العشرين، ت: عادل العوا، المجلس الاعلى لرعاية الفنون و الاداب والعلوم الاجتماعية، بدون مكان وسنه الطبع، ص٧.

) عەبدوڵڵا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد ، ل ٣.

) عەبدوڵڵا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد ، ل ٣.

) اناتولى راكيتوف: المعرفة التاريخية، ترجمة: حنا عبود، الطبعة الاولى، ديمشق، ١٩٨٩، ص ١١.

) اناتولى راكيتوف: المعرفة التاريخية، ص ١١.

) اناتولى راكيتوف: المعرفة التاريخية، ص ١٢.

) الهادى التيمومى: المدارس التاريخية الحديثة، دار التنوير للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٣، ص ٢٢.

) سـەعدی عـوسمان هەروتـی: کـورد و کوردسـتان لـە بەڵگەنامـە و سـەچاوە مێژووییەکانـدا، دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریانـی، چ ١، هەولێـر، ٢٠١٤، ل ٣٨.

) سەعدی عوسمان هەروتی: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەچاوە مێژووییەکاندا، ل ٣٩.

) سەعدی عوسمان هەروتی: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەچاوە مێژووییەکاندا، ل ٤١.

) کامەران محەمەد: کوردناسیو مێژووی ژیانی ڕۆژانە (مێژووی خۆراك وەك نموونە)، گۆڤاری خاڵ،

ژ ٢٤، ئابی ٢٠١٩، ل ١٢١.

) عەبدوڵلا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد ، ل ٤.

) عەبدوڵلا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد ، ل ٤.

) Marc Bloch: The historians craft, Manchester University press, U.K, ٢٠١٠, p٢٣.

) کامەران محەمەد: فیرنان برودیل وگوتاری مێژوویی، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١١٩.

) حسین مؤنس: الحضارة دراسة فی اصول و عوامل قیامها و تطورها، سلسله کتب، عالم المعرفة، المجلس الوطنی للثقافة و الفنون و الاداب – الکویت، ١٩٧٨، ص١٠٩.

) الفرد نورث وایتهید: مغامرات الافکار عرض فلسفی رائع للافکارو الحضارات، ترجمة: انیس زکی حسن، مؤسسة فرنکلین المساهمة للطباعة و النشر، بغداد – القاهیرة – بیروت – نیورك، ١٩٦٠، ص٢٦٤.

) الفرد نورث وایتهید: مغامرات الافکار عرض فلسفی رائع للافکارو الحضارات، ص ٢٦٣.

) عەبدوڵلا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد ، ل ٤.

) کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا دیمانەیەک بۆ تێگەیشتنی مێژوو، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥١.

) کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا...، ل ٥٢.

) کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا...، ل٥٣ و دواتر.

) عەبدوڵلا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد (گۆڤاری جڤاتی ”هێڤی“ ی قوتابیانی کورد، ژ ١، ئەستەموول، ١٩١٣، ل ٤

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


١. سەعدی عوسمان هەروتی: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەچاوە مێژووییەکاندا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ ١، هەولێر، ٢٠١٤.

٢. عەبدوڵڵا جەودەت: گۆڤاری ڕۆژی کورد (گۆڤاری جڤاتی "هێڤی" ی قوتابیانی کورد،ژ١، ئەستەموول، ١٩١٣.

٣. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤. کامەران محەمەد: کوردناسیو مێژووی ژیانی ڕۆژانە (مێژووی خۆراك وەك نموونە)، گۆڤاری خاڵ، ژ ٢٤، ئابی ٢٠١٩.

٥. کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا دیمانەیەک بۆ تێگەیشتنی مێژوو، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

٦. کامەران محەمەد: فیرنان برودیل وگوتاری مێژوویی، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.


### دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


١. اناتولی راكيتوف: المعرفة التاريخية، ترجمة: حنا عبود، الطبعة الاولى، ديمشق، ١٩٨٩.

٢. بيير- هنرى سيمون: الفكر والتاريخ (يتناول هذا البحث الضمير التاريخى فى ادب القرن العشرين، ت: عادل العوا، المجلس الاعلى لرعاية الفنون و الاداب والعلوم الاجتماعية، بدون مكان وسنه الطبع.

٣. حسين مؤنس: الحضارة دراسة فى اصول و عوامل قيامها و تطورها، سلسله كتب، عالم المعرفة، المجلس الوطنى للثقافة و الفنون و الاداب – الكويت، ١٩٧٨.

٤. ران ليفي: تاريخ المستقبل، (تاريخ-أسيموف- للمستقبل https://al-aleem.science/٢٠١٢٠٨٥-  )، (كانون الاول ٢١، ٢٠٠٨)

٥. علي محمد اليوسف: الزمن في فلسفتي افلاطون وأرسطو، المجلة الثقافية الجزائرية، (https://thakafamag.com الزمن-في-فلسفتي-افلاطون-وأرسطو-٢ /).

٦. الفرد نورث وايتهيد: مغامرات الافكار عرض فلسفى رائع للافكارو الحضارات، ترجمة:

انیس زکی حسن، مؤسسة فرنکلین المساهمة للطباعة و النشر، بغداد - القاهیرة - بیروت - نیورك، ١٩٦٠.

٧. قاسم عبده قاسم: قراوه التاريخ تطور الفكر والمنهج، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، ط١، ٢٠٠٩.

٨. كاترين كوليو- تيلين: ماكس فيبر و التاريخ، ت: جورج كتورة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، ط١، بيروت، ١٩٩٤.

٩. لبابة حسن: تعريف الخطاب و انواعه، (١٧ سبتمبر ٢٠١٩)، (تعريف_الخطاب_وأنواعه/https://sotor.com).

١٠. الهادى التيمومى: المدارس التاريخية الحديثة، دار التنوير للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٣.

## سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

1. David J. Staley: History and Future: Using Historical Thinking to Imagine the Future, Lexington Books, 2007, p 1-24.
2. Edward Bellamy 1887-2000: Looking Backward, Houghton Mifflin Company, 2008 (ebook 25439).
3. H. G. Wells: The shape of things to come: the ultimate revolution, Hutchinson& CO. (Publishers) LTD., London.
4. Heinlein, Robert A. The Past Through Tomorrow. Berkley Publishing Corporation, U. S. A., 1975.
5. Joshua J. Mark: Heraclitus: Life Is Flux, (https://www.worldhistory.org/article/75/heraclitus-life-is-flux/), (15 October 2020).
6. Marc Bloch: The historians craft, Manchester University press, U.K, 2010.

خاوەنی ئیمتیاز

وبەڕێوەبەری نووسین:

عەبدولکەریم

# ڕۆژی کورد

میژووی دامەزراندن:

١٣٣١

ژمارە : ١

بەرگی: ١

١٤ ی ڕەجەبی سالی ١٣٣١

حالی حازر مانگی جارێك بلاو دەکرێتەوە

٦ی حوزەیرانی سالی ١٣٢٩



ئەی یەك لەتاکە داهاتووە بێ وێنەکانی دنیا!

لەڕاستیدا دایکی زەمانە ڕۆڵەیەکی بێ وێنەی وەك تۆی نەبووە

ئەی یەك لەداهییەکانی کورد: سولتان سەلاحەددینی ئەیوبی

ڕەگەزەکەی ئامادەیە، بە کارێکی ئەرێنی دەگۆڕێ، بۆ خۆی و هاوئایینی و هاونیشتمانیی خۆی دەیکاتە خزمەت و چالاکییەکی بەسوود؟!

داخۆ کەی بێ کوردایەتی بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە لەناو خودی خۆیدا ژیان یان دوارۆژێک لە ژیاندا هەیە؟ کەی ئەو ئامادەییەی، بۆ دابینکردنی شارستانیی هاوچەرخ بەرجەستە دەکا؟ ئەوسا دەم و دەست دەتوانین بڵێین: ئەوا بەیانی ئومێد وەدەرکەوت، چونکە دەبینین وا ئەو مێردەزمانە لەسەر بەسەرچوونن.

کاریگەریی بەرزبوونەوەی لاوانی مەشخەڵ بەدەستی کوردایەتی، کە ئومێد وایە ببێتە بەڵگەیەکی وەئاگا هاتنەوەی گشتگیر و گشتی، لە دوو کاردا دەبینین: واتە دوو(شاکار)ی وەئاگاهاتنەوەیان دامەزراندووە، یەکێکیان: "هیوی"یە و ئەوی دیکەشیان "ڕۆژی کورد"ە، لێرەدا ئێمە بە تەمابووین تەنیا مەبەست و ئامانجەکانی(ڕۆژی کورد) ڕوون بکەینەوە، وا بزانین دێرەکانی سەرەوە بۆ تێگەیاندن و ڕوون کردنەوەی سەر ڕشتەیەکی ئەمە بەس بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی بەیەک دوو وشە ئەمە ڕوون و کورت بکەینەوە، دەڵێین: ئێمە کە سەرەتایی بوونی خۆمان بەم شێوە ناخۆشە دان پێدا دەنێین و دەمانەوێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەو مەبەستانەی لەوانەیە بمانگەیێنێتە ئامانجمان دەبێ چۆن بێ؟ بێگومان، دیسانەوە بە سادەترین دەربڕینێک، مەبەست و ئامانجێکی بەرزبوونەوە بۆ ئێستاو داهاتوو، ڕێبازێکی زانستی و کۆمەڵایەتی دوور لە ئارەزووی سیاسی.. هیچی دیکە نا! کەوایە، ئەمڕۆ لاوانی کورد، بەرانبەر کوردایەتی و جیهان، لە ژێر باری ئەرکێک دان کە ئەم ئامانجە خستوویەتییە سەر شانیان.

بۆ ئەوەی ئەو مشتەکۆڵانە، کە بۆ سووکایەتی پێکردن لەهەموو لایەکەوە لە کوردایەتی دراوە، بەبەرزبوونەوە و زانست ڕەت بکرێنەوە.

ئەم لاوانە، پەیمان و بەڵێنیان داوە، ئەم ئەرکە بەچاکی جێبەجێ بکەن، ئێستا دەتوانین تەنیا ئەوەندە بڵێین: ئاوێنەی مرۆ کارە، سەیری لاف و قسە ناکرێ.

ڕۆژی کورد

## پەیامێک

چ لەبەر چۆڕاوگەی قەڵەم بێ یان بیر، لە جیهاندا هیچ شاکارێکی مەزن نییە، لە ئەنجامی بوێری و ئازایەتی نەبووبێ، ئەوەتا من بەدڵگەرمییەوە ئەو بیر"پرەنسیپ"ە دەخەمە بەردەم لاوانی کوردەوە.

ئێمە لە سەردەمێك داین، میللەتان دەستنیشانی کەسێتی خۆیان دەکەن، وەکو چۆن هەر پیاوێک کەسێتی دیارو تایبەتی خۆی نەبێ بایەخێکی کۆمەڵایەتی نابێ، ئا ئاوەهاش ئەو میللەتەی کەسێتی خۆی نەبێ ناوی ناهێنرێ و لەئاژەڵێکی قسەکەر پتر نابێ.

هەر بەم شێوەیە مێژوو بۆ نەتەوەکان وەکو توانای یادەوەرییە لای پیاوان، ژیان و مرۆڤ و ئاژەڵ لە بەدیهێنانی هەموو کەلەکەبووەکان و بەردەوامی گەنجینەی بیر دیار دەبێ.

مرۆڤی تووش بوو بە نەخۆشی (Amnesie Complette) واتە: لە

بیرچوونەوە وەکو رووەك و گیای نێو باخچەکانمان و چیاکان، لەهەر لایەوەی بای لێوە هەڵبکا گەڵا سەوزەکانی بەلایەکدا لار دەکاتەوە.

هەر میللەتێك مێژوویەکی نووسراوەی تەواوی نەبوو بێت، وەکو بڵێی نەژیا بێ وایە، ئایا کورد مێژوویان هەیە؟ هیچ نەتەوەیەك ناتوانی بەکیتێبێکی وەکو "شەرەفنامە" هەڵسوکەوت لەگەڵ ئابڕووی مێژوو یان مێژووی ئابڕووی خۆی بکات و بیپارێزێ.

ئەو سەدەیەی ئێمە تێیدا دەژین هەروا گاڵتە نییە، ئەوە سەدەی بیستەمە. ئەو میللەت و تاکانەی دیرۆکی رابردوو و دوارۆژی خۆیان نەبێ ئەوا تێیدا دەبنە کۆیلەو دیلی خەڵکی دیکە.

گوتم مێژووی دوارۆژ، لەوانەیە زۆر لە خوێنەران سەریان لەم چەمکە سوڕ بمێنێ و لایان سەیر بێت، بەڵێ دەبێ میللەتان ببنە خاوەنی مێژووی دوارۆژیان، چونکە ئەمەیان لە مێژووی رابردوو گرنگترە، راستریش ئەوەیە کە نەتەوەکان خاوەنی مێژووی رابردووبن و مولکی مێژووی داهاتوو و دوارۆژیان بن.

مێژووی هەر نەتەوەیەك ئاوات و ئامانجی ئەومیللەتەیە، ئەوە مانای وشەی ئاماژە بۆ کراو دەدات کە لە زووێکەوە بەکار دەبرێ.

دەسا وەرن با بەیەکەوە دانی پێدا بنێین کە کورد کتێبێکی ئەوتۆی مێژوویان نییە کە بەراستی شایانی سەردەم بێت. پاشان ئایا کورد بیر(مبدا)ێکیان هەیە، ئەگەر هەیانە با روونی بکەینەوە.

زانا(فەیلەسوف)ێك دەڵێ: لەوە ئاسانتر نییە بزانرێ هەر میللەتێك لە دوارۆژدا دەبێ بەچی و دەگاتە کوێ؟

ئێوە لەسەرتانە کە بزانن لەدوارۆژدا دەتانەوێ ببن بەچی؟ میللەتەکەتان چی دەوێ و دەیەوێ ببێ بەچی؟ لەم بارەدا، بۆ پەردە هەڵدانەوە لەسەر دوارۆژی هەر میللەتێك پێویست ناکات نەبییە وەلی و نەشێت. دەمەوێ لە لاوانی کورد بگەم و لێیان بپرسم ئەوان دەیانەوێ ببن بەچی و بەچی بگەن؟ ئایا دەیانەوێ ببنە توخم(ئەندام)ێکی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەڵام چۆن توخمێك، توخمێکی پووچ و بێ کەڵکی شەپلە لێدراو یان توخمێکی تازەو تازەکەرەوە، زیندوو و زیندووکەرەوە.

دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە راستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا بدرێتەوە، ئەوکات رێگە دۆزینەوە ئاسان دەبێت.

یەکەم: دەبێ رێژەی ئەوانەی فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن بگەینرێتە لەسەدا چل.

دووەم: بەماوەی مانگێك پەسندکردن و بەکارهێنانی رێنووسێکی وا کە پیتەکانی بۆ فێربوونی منداڵێکی حەفت هەشت ساڵان دەست بدات، وەلانان و دەست هەڵگرتن لەوانەی تاوەکو ئێستا بەکار دەبرێن. هەموو مەسەلەکانی دیکەش، لەلای من، بەپلەی دووەم دێن.

٣٠ مایسی١٩١٣

دکتۆر

عەبدوڵڵا جەودەت

## الملخص

يعد عبد الله جودت (١٨٦٩-١٩٣٢) أحد أبرز المفكرين الكرد الذين أسهموا بشكل كبير في تطوير الفكر التاريخي. ومن بين إسهاماته البارزة، طرحه لمفهوم "تاريخ المستقبل"، وهو فكرة ثورية قدمها في عام ١٩١٣، مما يجعله أول من صاغ هذا المصطلح. ورغم أن هذا المفهوم اكتسب شهرة واسعة في الأوساط الأكاديمية والثقافية منذ أربعينيات القرن الماضي، فإن أفكار جودت سبقت هذه الفترة بسنوات طويلة. رأى جودت أن التاريخ ليس مجرد سجل للأحداث الماضية، بل أداة ديناميكية يمكن استخدامها لتشكيل الحاضر واستشراف المستقبل.

ودعا إلى تجاوز التحليل التاريخي التقليدي الذي يركز على الماضي، نحو نهج استباقي يبرز دور المعرفة التاريخية في توجيه المجتمعات نحو التقدم. بالنسبة لجودت، لم يكن التاريخ وسيلة لفهم الماضي فقط، بل أداة لإلهام الأمم لتخيل مستقبلها بناءً على إدراك واعٍ لأنماطها التاريخية. في الوقت الذي يُستخدم فيه مصطلح "تاريخ المستقبل" اليوم على نطاق واسع في مجالات مثل التأريخ والفن والخيال العلمي، تكشف كتابات جودت منذ عام ١٩١٣ عن تقديمه لهذا المفهوم قبل عقود من ظهوره في الفكر الغربي. وعلى عكس الاستخدامات الخيالية أو الافتراضية، كان مفهوم "تاريخ المستقبل" عند جودت مستندًا إلى الواقعية والاستراتيجية، حيث دعا الأفراد والأمم إلى استثمار دروس التاريخ لرسم مساراتهم المستقبلية.

هذه الرؤية تجعل جودت المؤسس الحقيقي لهذا المفهوم، رغم عدم اعتراف العديد من الدراسات الحديثة بإسهاماته. بالنسبة لجودت، لم يكن التاريخ مجرد دراسة أكاديمية نظرية، بل أداة عملية لبناء الأمم. وكان يؤمن بأن على الشعب الكردي أن يدرس تاريخه لفهم ماضيه واستلهام رؤية مشتركة لمستقبله. ومن خلال مفهوم "تاريخ المستقبل"، أراد جودت أن يُلهم القادة والمفكرين الكرد لتجاوز التحديات الراهنة والسعي نحو مستقبل موحد ومزدهر، مستندًا إلى الوعي بالتجارب الجماعية للماضي. رغم أهمية أفكار جودت، فإن دوره في تطوير مفهوم "تاريخ المستقبل" لا يزال مهملاً في الدراسات التأريخية. تُركّز معظم الإشارات الحديثة إلى هذا المفهوم على تطبيقاته الغربية اللاحقة، متجاهلة عمله الريادي. يمثل هذا التجاهل فجوة كبيرة في البحث التاريخي، مما يستدعي إعادة تقييم مساهماته وإدماجها في السرد العالمي للفكر التاريخي.

تظل أفكار جودت ذات صلة في عالمنا اليوم، حيث تواجه المجتمعات تحديات معقدة تتطلب وعيًا تاريخيًا ورؤية مستقبلية. يقدم مفهومه عن "تاريخ المستقبل" إطارًا منهجيًا يمكن أن يساعد المجتمعات في إعادة تعريف مساراتها وتحقيق طموحاتها. بالنسبة للشعب الكردي، يمثل هذا المفهوم أداة لاستعادة روايته التاريخية وتصور مستقبله بروح من المسؤولية والطموح. أما عالميًا، فإن عمل جودت يدعو إلى إعادة التفكير في منهجية التأريخ التقليدية من خلال تبني نهج استشرافي يعزز الديناميكية والتحول. في النهاية، كان مفهوم "تاريخ المستقبل" الذي قدمه عبد الله جودت دعوة للعمل، وتحديًا لاستخدام التاريخ كأداة لتشكيل مستقبل أفضل. إن الاعتراف بإرثه الفكري لا يكرّم مساهماته فقط، بل يعزز أيضًا فهمنا للدور التحويلي للفكر التاريخي في توجيه المجتمعات نحو تحقيق تطلعاتها.



**الكلمات المفتاحية: تاريخ المستقبل، عبدالله جودت، الخطاب، الفكر التاريخي الكردي، الهوية القومية.**

## Abstract

**Kurdish Contributions to Historical Thought**

**(Abdullah Cevdet and the Concept of Future History)**

Abdullah Cevdet (1869–1932), a prominent Kurdish intellectual, introduced innovative ideas that expanded historical thought. Among his significant contributions is the conceptualization of "future history," a groundbreaking idea he articulated as early as 1913. This concept, which gained prominence in academic and cultural discourse by the 1940s, underscores Cevdet's role as its first known proponent.

Cevdet viewed history as more than a record of past events—it was a dynamic tool to shape the present and envision the future. He argued that history should not only recount what has been but also project what could be, encouraging societies to imagine their trajectories based on historical understanding. For the Kurdish people, his ideas resonated deeply as they sought to establish their identity in a rapidly changing world.

Cevdet emphasized that historical awareness should empower communities to construct a shared vision for their future. While the term "future history" is now widely used in fields like historiography, art, and speculative fiction, Cevdet's writings from 1913 predate these applications by decades. Unlike speculative fiction's imaginative approach, his vision of future history was grounded in realism and strategy.

He urged societies to draw on historical lessons to guide their progress, positioning himself as the true originator of this concept—a fact often overlooked in modern scholarship. Cevdet's approach to history was not an abstract academic exercise but a practical framework for nation-building. He saw history as a means for the Kurdish people to connect with their heritage while envisioning a unified and prosperous future. By integrating past experiences with forward-thinking strategies, Cevdet sought to inspire leaders to overcome present challenges and achieve long-term progress. Despite his pioneering contributions, Cevdet's role in developing the concept of future history remains largely unacknowledged. Most modern references to the term focus on its later Western applications, neglecting his earlier work. This oversight highlights a significant gap in historiographical research. Recognizing Cevdet's contributions is essential not only for historical accuracy but also for broadening the global intellectual narrative to include non-Western perspectives that have shaped historical thought. Cevdet's ideas remain relevant today as communities face complex challenges requiring historical awareness and strategic foresight.

His vision offers a methodological framework for navigating contemporary issues and redefining societal trajectories. For the Kurdish people, his work provides a foundation for reclaiming their historical narrative and envisioning their future with agency and purpose. Globally, his approach challenges conventional historiography by advocating for a forward-looking, transformative use of history. Ultimately, Abdullah Cevdet's articulation of future history was a call to action—a challenge to use history as a tool for shaping a better future. By recognizing his legacy, all his vision of history as a force for empowerment and progress, reaffirming its transformative potential in guiding societies toward their aspirations will be discussed.

**Keywords: Future History, Abdullah Cevdet, Discourse, Kurdish Historical Thought, National Identity.**

دەزگای نوچە

بۆ توێژینەوەی سیاسی، پەرەپێدانی کلتوری

بەرهەمی توێژینەوەی دەزگای نوچە © ٢٠٢٥

w w w . n u c h e . n e t

Kurdistan - Hawler © 2025